
فإني قريب

ناوی کتێب: من نزیکم (فَإِنِّي قَرِيبٌ)
ئامادەکردن و وەرگێرانی: ئەیـــاد فەهمی
دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنـــوێن
دیزاینی تێکست: زەردەشــت کاوانی
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٢
چـــاپ: نـاوەندی ڕێنـوێن
تیـــــراژ: (١٠٠٠) دانـــــە
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٥٤٣)ـی ساڵی (٢٠٢٢)ـی پێ دراوە.

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©**

RENWEN

**ناوەندی ڕێنوێن**
07511408868 - 07501269689
hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com
سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

# من نزيلكم

# فإني قريب

ئامادەکردن و وەرگێڕانی

ئەیاد فەهمی

RENWEN

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾

هەردەمێك بەندەكانم

دەربارەی من پرسیاریان لێ كردیت،

مــن نــزیكـم...

# پێشەکی

سوپاس بۆ خودا جارێکی تر یارمەتیی دام دەست بدەمە کتێبێکی نوێ، لەم کتێبەدا لە بارەی چەند بابەتێکەوە دواوم: (شەونوێژ، لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، نوێژی چێشتەنگاو، دوعاکردن، خوێندنی سورەتی بەقەرە) نزیکەی ٥٠ بابەتیش فەرموودە و وەسفی پێغەمبەری خودایە (ﷺ)، کە بۆ موبارەکبوونی کتێب و باسەکە هێناومە، زیاتر باسی شەونوێژم کردووە، ئەو نوێژەی لەدوای نوێژە فەرزەکان باشترین نوێژە، ئەو نوێژەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەرگیز وازی لێ نەهێناوە، ئەو نوێژەی موعجیزەئاسایە و خودی خۆت و ژیانت ڕێک دەکاتەوە، پشتیوان بە خودا دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە شەونوێژ دەبێتە فەرزی شەشەمت و شەوەکانت بێ شەونوێژ بەڕێ ناکەیت، پشتیوان بە خودا ئەم نەوە گەنجە جوانە لە ڕێی ئەم کتێبەوە درەنگانێکی شەو لەسەر بەرماڵی نوێژەکانیان دەبن و موناجات لەگەڵ پەروەردگاریان دەکەن، دەستبەدەستنوێژ و دەمبەدوعا دەبن و دوور دەبن لە شتە خراپەکانی ئەم سەردەمە، ئومێدم وایە بە خودا و بێئومێدم ناکات...

لە زۆربەی شوێنەکانیشدا ئەزموونی کەسەکانم باس کردووە لەگەڵ ئەو پەرستشانەدا، بۆ ئەوەی یەقینەکەت زیاد بکات و دوای ماوەیەک خۆشت ببیتە خاوەن چیرۆک و ئەزموونت هەبێت لەگەڵ ئەو پەرستشانەدا...

وتەکان تەنها بۆ جوان زانین نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بیخوێنیتەوە و لەدوای تەواوبوونی کتێبەکە چەندین عیبادەتی نوێ ئەنجام بدەیت و بە

شەو شەونوێژ و بە ڕۆژیش قاڵی لەبەرکردنی قورئان بیت، کەسێکی گەشبین بیت و بۆ هەموو شتێک پەنا بۆ پەروەردگارت ببەیت، ورەت بەرز بێت و نەبەزیت، خودا لە خۆت ڕازی بکەیت...

وتەکان ڕۆژانە لە پەیج و ستۆریی ئەکاونتەکەم زۆربەیم پۆست کردووە، سوپاس بۆ خودا سوودێکی زۆر باشی هەبووە، پشتیوان بە خودا بە کتێبیش هەر وا دەبێت، هیوادارم بەدڵ بیخوێننەوە و توێشوو بێت بۆ ژین و دینتان...

ناوی کتێبەکەم لە ئایەتی ١٨٦ی سورەتی بەقەرە وەر گرتووە، کە پێشتر بۆ چەند کەسێکی ترم پێشنیار کرد کە کتێبەکەیان بەو ناوەوە بنێن، بەڵام وا دیارە قسمەت وا بوو ببێت بە ناوی یەکێک لە کتێبەکانی خۆم...

**١٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٢**

**١١ی زولقەعیدەی ١٤٤٣**

**ئەیاد فەهمی سەنگاوی**

**(١)**

که تاوانێک ئەنجام دەدەیت،

دەبینیت هەموو شتێک سەرکۆنەت دەکات،

هەموو پەیامەکان ڕوویان لە تۆیە،

هەموو ئایەتەکان لەگەڵ تۆ دەدوێن،

خودا دەیەوێت لێی دوور نەکەویتەوە.

**(٢)**

هەردەمێک دڵت لاواز بوو،

بە قورئان بەهێز و پتەوی بکە!

**(٣)**

«دواتر خودا بە شێوەیەک ڕازیت دەکات،

وەک ئەوەی هەرگیز خەمبار نەبوویت.»

## (٤)

چەند پێناسەیەک کە پێی سەرسام بووم:

زەکات: نەشتەرگەرییەکی وردە بۆ ئەوەی پاک ببیتەوە و بەهێزتر بیت.

هاوسەرگیری: گەورەترین بەرپرسیارێتییە لە گەردووندا،

هەموو وردەکارییەکانی پاداشت یان سزای بۆ هەیە.

ڕیبا: ڕاگەیاندنی جەنگە بەرامبەر خودا.

بەرەکەت: یەکێکە لە سەربازە نهێنییەکانی خودا.

خێرکردن: هۆکاری سڕینەوەی تاوانە.

مزگەوت: ماڵەکانی خودایە لەسەر زەوی،

بۆ پێشوازیکردن لە خۆشەویستانی.

## (٥)

لە ڕۆژی قیامەتدا دەوەستیت و

ئەوانە دەبینیت کە هەموو قورئانی پیرۆزیان لەبەر کردووە،

ئەوان بە خوێندنەوەی هەر ئایەتێک

چەندین پلەی بەهەشت دەبڕن و

دەگەنە بەرزترین پلەکانی بەهەشت،

تۆیش چەند سورەتێکی کەمت لەبەرە،

چەند پلەیەکی کەم دەبڕیت و دەوەستیت،

هەست بە پەشیمانییەکی زۆر دەکەیت،

بۆچی قورئانم لەبەر نەکرد؟

چ شتێک سەرقاڵی کردم و گرنگیم بە قورئان نەدا؟

- دەی لە ئێستاوە بڕیار بدە و دەست پێ بکە...

## (٦)

له زۆربەی هەڵوێستەکانی ژیانتدا،

دڵسۆزی و نیەتپاکییەکەت تاقی دەکرێتەوە،

- وەک ئەو دەمەی چاکەیەک ئەنجام دەدەیت و

کەس سوپاست ناکات لەسەری.

- یان عیبادەتێک ئەنجام دەدەیت و

کەس تاریفت ناکات.

- ناوی کەسە باڵاکان دەهێنرێت و ناوی تۆی تێدا نییە!

- چەندین کەس خەڵات دەکرێت و خەڵات ناکرێیت...

جێگیر و ڕاوەستاو بە،

لە پێناوی خودادا کار بکە،

پاداشتی تۆ لەلای خودایە و

ئەو خەڵاتت دەکات و

لەلای ئەو ناوت بڵندە...

**(٨)**

گەر دەستنوێژ هۆکاری لێخۆشبوون بێت،

ڕۆشتن بەرەو مزگەوت پلەیەک بەرزت بکاتەوە و

تاوانێکت بسڕێتەوە،

چاوەڕوانیکردنی نوێژ پەرستشێکی گەورە بێت،

دوعای نێوان بانگ و قامەت ڕەت نەکرێتەوە،

لەدوای نوێژیش فریشتەکان دوعات بۆ بکەن،

مادەم لە شوێنی نوێژەکەت ماویتەتەوە...

ئەی دەبێت خودی نوێژەکە چەندێ مەزن بێت؟

**(٩)**

ئیبن قەییم فەرمووی:

هەرکەسێک بمرێت و سەرقاڵی فێربوونی قورئان بووبێت،

خودا لەدوای مردنی بۆی تەواو دەکات.

## (١٠)

شەش مانگ لە شەونوێژ دابڕام،

ئەو شەوەی گەڕامەوە بۆ ئەنجامدانی شەونوێژ،

خودا لە هەمان شەودا وەڵامی دامەوە...

ئای لەو ڕێزلێنانە مەزنە.

## (١١)

«ئەو ئارامی و دڵنیاییەی بڵاوی دەکەینەوە،

هەستێکی کاتی نییە،

بەجوانزانینی چەند وتەیەک نییە،

چەند دێڕێکی پووچ و ناوبۆش نییە،

بەڵکوو بیروباوەڕێکی چەسپاو و پتەوە.»

## (١٢)

دوێنێ شەو پەڕەیەکی نوێم لەگەڵ خودادا هەڵدایەوە،

شەونوێژم کرد، قورئانم خوێند،

یادی خودام کرد و سەڵاواتم دا،

دڵم و ئەوەی تێیدایە تەسلیمی خودام کرد،

دەروونم ئاسوودە بوو، هەستم دەکرد دڵم بزەم بۆ دەکات،

پەیم بەوە برد خودا تاکە پەناگە و ئارامیی ئێمەیە،

هەستم بە هەموو ئەوانە کرد،

خودا وەڵامی دامەوە، وەڵامی دامـەوە...

خودا واتە ئارامی.

## (١٣)

ئەو بۆ مردنی ئەبو سەلەمە دەگریا،

خودایش بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) قەرەبووی بۆ کردەوە.

ئارام بگرە،

سارێژکردنی خودا شایانی چاوەڕوانییە.

## (١٤)

ئەو دەمەی دڵ تێدەگات هەموو کارەکان بەدەستی خودایە،

ئارام دەبێت، زۆر ئارام دەبێت...

## (١٥)

ئەو دەمەی کەسێک تەوبە لە تاوانێک دەکات،

خودا ڕێگای ئەنجامدانی ئەو تاوانەی بۆ ئاسان دەکات،

ڕاستیی تەوبەکردنەکەی بەمە تاقی دەکاتەوە...

شەنقیطی

## (١٦)

ڕۆژێک وتاری دەدا(ﷺ)، فەرمووی:

«پیاوێک سەرپشک کرا لەنێوان دونیا و ئەوەی لەلای خودایە،

ئەوەی لای خودای هەڵبژارد.»

ئەبوبەکر دەستی کردە گریان،

هاوەڵان گریانەکەیان پێ سەیر بوو.

تاکە کەس بوو کە پەیی بەوە برد ماڵئاواییکردن نزیکە،

بەمە دەوترێت هاوڕێ.

## (١٧)

مرۆڤ بە هاوڕێکانی هەڵدەسەنگێندرێت،

بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی هاوڕێی قورئانە.

## (١٨)

دەتەوێ چەندێک ئاسوودە بیت،

بە ئەندازەی ئەوە قورئان بخوێنە.

## (١٩)

هەوڵدانت بۆ لەبەرکردنی ئایەتەکان و

دووبارەکردنەوەی بۆ ئەوەی لە یادگەتدا باش بچەسپێت،

کارێکە خودا خۆشی دەوێت،

زۆر ئەنجامی بدە.

## (٢٠)

ئەی ڕەبیعی کوڕی کەعب، شتێکم لێ داوا بکە پێت ببەخشم!

- ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)،

داوات لێ دەکەم لە بەهەشتدا هاوڕێی تۆ بم.

## (٢١)

ئەمشەو بەدەم وتنی (أستغفرالله)ەوە بخەوە،

لەوەیە سبەینێ پێش ئەوەی هەستیت،

خودا لێت خۆش بووبێت...

## (٢٢)

«دوعای دەکرد خودا هاوسەرێکی بەنسیب بکات

که هەموو قورئانی لەبەر بێت،

هاوسەرگیریی کرد و خۆیشی هەموو قورئانی لەبەر کرد.»

## (٢٣)

دواتر خودا خۆشەویستییەکی حەڵاڵت پێ دەبەخشێت،

کە کۆتایی نایەت و جیابوونەوەی تێدا نییە.

**(٢٤)**

لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشت و

کتێبێکی دەخوێندەوە لە بارەی بەهەشتەوە، لەو دەمەدا کەمێک شڵەژا،

ئەو ساتەی بیر کەوتەوە کە خودا هیدایەتی دا،

فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە و

بە پێویستی زانی لەگەڵ خودادا بدوێ،

بەخێرایی دەستنوێژی گرت و

لە سوجدەدا دەستی کردە گریان، زۆر گریا، زۆر گریا...

سوپاسی خودای کرد لەسەر ئەوەی هیدایەتی داوە،

داوای لێخۆشبوونی لێ کرد، داوای کرد عاقیبەتخێری بکات...

بەڵام نەیزانی ئەوە کۆتا سوجدەیەتی.

- خودایە عاقیبەت خێرمان بکەیت.

**(٢٥)**

لەوەیە چارەسەری گرفتەکانت،

لە دوو ڕکات شەونوێژی ئەمشەودا بێت.

**(٢٦)**

گەشبین بە و پەنا بۆ خودا ببە،

لە درەنگانێکی شەودا بچۆ سەر بەرماڵەکەت،

بە ئیلحاحەوە دوعا بکە و نائومێد مەبە،

باسی گرفت و ناڕەحەتییەکانت بکە،

ئەو بیسەرتە،

ئەوانەی خۆش دەوێت کە داوای لێ دەکەن،

پشت بە خودا بەم نزیکانە وەڵامت دەداتەوە.

## (٢٧)

تۆ پێویستت بە وتەیەکی جوان نییە
بۆ ئەوەی هانت بدات شەونوێژ ئەنجام بدەیت،
پێویستت بەوە نییە یەکێک ئەوەت بهێنێتەوە یاد
کە خودا لە سێیەکی شەودا دەفەرمووێت:

- کەسێک هەیە تەوبە بکات و تەوبەکەی لێ وەر بگرم!
- کەسێک هەیە داوای لێخۆشبوون بکات و لێی خۆش ببم!
- کەسێک پێویستیی هەیە و بۆی بەجێ بهێنم!

پێویستت بەوە نییە بیهێنمەوە یادت کە شەونوێژ،
تاوان دەسڕێتەوە، پێگەت بەرز دەکاتەوە،
بە هۆیەوە ڕۆزیی بێشومار دەڕژێت بەسەرتدا...
پێویستت بەوە نییە بیهێنمە یادت کە ئەوانەی شەونوێژ دەکەن
نور و موحیبەت لە ڕوخساریان دەباریێت...
پێویستت بە نیەتێکی ڕاستگۆیانەیە،
دڵێکیش کە دەیەوێت لە خودا نزیک بێتەوە،
دەبێت بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی شەونوێژ بیت
چوونکە ئەوە تۆی پێویستت بە شەونوێژە نەک خودا،
خودا لە هەردووکتان بێپێویستە،
تۆ پێویستت بە شەونوێژە.

## (٢٨)

ئەو ڕزقوڕۆزییانەی پێمان بەخشراوە و لەیادمان کردووە:

- ئارامیی ڕوح.
- لەشساغی.
- دوعای دایک و باوک.
- دیداری ئازیزان.
- بوونی خوشک و برای باش.
- پێکەنینی منداڵ.
- هاوڕێی باش و بەئەمەک.
- نوێژکردن لە کاتی خۆیدا.
- خەوێکی ئارام.
- بێوەیی و سەلامەتبوون.
- چاوێک کە دەبینێت، گوێیەک کە دەبیستێت.
-
-

خودایە، سوپاس بۆ تۆ لەسەر هەموو نیعمەتەکانت.

## (٣٠)

ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە بارەی دایکیەوە دەڵێت:

تەمەنم دە ساڵان بوو دایکم هەموو قورئانی پێ لەبەر کردم،

پێش نوێژی بەیانی هەڵی دەساندم،

لە شەوە ساردەکانی بەغدادا ئاوی بۆ گەرم دەکردم،

پۆشاکی دەکردە بەرم و

لەگەڵمدا دەهات بۆ مزگەوت،

چوونکە لە ماڵمانەوە دوور بوو، ڕێگاکەیش تاریک بوو.

## (٣١)

»ئەو دەمەی پێت دەڵێم: دوعام بۆ کردیت،

بۆ ئەوە پێت ناڵێم کە تۆیش دوعام بۆ بکەیت،

فریشتەکان ئەوەیان کردووە.

بەڵکوو بۆ ئەوە پێت دەڵێم:

دڵت ئارام بێت و بزانیت کە تەنها نیت.

بۆ ئەوە پێت دەڵێم:

بۆ ئەوەی لە خەمەکەت کەم بکەمەوە.

ئەمە ڕێگای تایبەتی منە بۆ ئەوەی پێت بڵێم،

تۆ زۆر شتی بۆ مـن!

خەمی تۆ خەمی منە،

ئازاری تۆ ئازاری منە.

هەندێ جار ناتوانم دڵنەوایی بکەم،

هەر بۆیە پەنا دەبەم بۆ دوعا.«

**ئەدهەم شەرقاوی**

## (٣٢)

خودایە،

تەنها خۆت دەزانیت مانەوە بەلامانەوە خۆشەویستتر بوو،

بەڵام ڕۆیشتنمان هەڵبژارد،

چوونکە لەلای تۆ خۆشەویستتر بوو.

## (٣٣)

ئەو پارەیــەی نادرێت بە فەقیر،

دەدرێت بە دکتۆر،

بەجوانی لێی ڕابمێنە:

«چارەسەری نەخۆشەکانتان بکەن بە ماڵبەخشین».

**(٣٤)**

لەسەر سەرینەکەت مەگری،

هیچ ناگۆڕێت.

هەستە و لە سوجدەدا بگری،

هەموو شتێک دەگۆڕێت...

**(٣٥)**

هەموو شتێک کە ڕۆیشت، ناگەڕێتەوە!

ئیللا دوعا نەبێت، بەئومێدەوە دەڕوات و

بە بەخشین و وەڵامدانەوەوە دەگەڕێتەوە.

**(٣٦)**

ئەو کەسەی گومانی وایە،

لە دوای دوعاکردن دەستەکانی بەخاڵیتی دەگەڕێنێتەوە،

هێشتا خودای بەباشی نەناسیوە...

## (٣٧)

گەر دوێنێ سەرپێچیی خودات کرد،

ئیمڕۆ گوێڕایەڵیی بکە.

دوو جار شکست مەهێنە.

## (٣٨)

»خودایە دەزانین کە لە بەندە چاکەکانی تۆ نین،

دەزانین چەندین نوێژمان فەوتاوە.

زۆر جار خەوتووین و هیچ زیکرێکمان نەخوێندووە.

بەڵێنمان بە تۆ و خۆمان دا،

کە نەگەڕێینەوە سەر تاوان، بەڵام گەڕاینەوە سەری.

هەوڵمان دا ئەم ژیانە نەمانگۆڕێت، بەڵام گۆڕیمانی.

بەڵام خودایە، هێشتا خۆشمان دەوێیت.

**(٣٩)**

هەموو ئەوانەی بە دوعا جەنگان،

بەسەرکەوتوویی گەڕانەوە.

**(٤٠)**

قورئان لەبەر بکە،

گەر لەبەرت نەکرد، موراجەعەی بکە.

گەر موراجەعەت نەکرد، بیخوێنەوە.

گەر نەتخوێندەوە، گوێی لێ بگرە.

گرنگ ئەوەیە ڕۆژەکەت بەبێ قورئان بەڕێ نەکەیت.

## (٤١)

سەختترین جۆری جیابوونەوە،

ئەوەیە ئیمان لە جەستەت جیا ببێتەوە.

- ئیبن قەییم

## (٤٢)

دواتر پێم دەڵێن:

ئەی موحەممەد، سەرت بەرز بکەرەوە،

داوا بکە پێت دەدرێت، تکا بکە تکاکەت وەر دەگیرێت.

سەرم بەرز دەکەمەوە و دەڵێم:

خودایە ئوممەتەکەم، ئوممەتەکەم.

## (٤٣)

خودایە،

نەمانگەڕێنیتەوە بۆ ئەو نارەحەتییانەی ڕزگارت کردین لێی...

## (٤٤)

عەمری کوڕی یەعقوب زۆر شەونوێژی دەکرد،

دەگریا و دەیوت:

خودایە، ئەو کەسەم کە تۆ دەیناسیت،

نەک ئەوەی کە خەڵکی دەیناسن.

## (٤٥)

«ئەندازەی یەک زیکر لە بەهەشت دوور بوو.»

**(٤٦)**

ئەو زاتەی دوێنێ ڕزگاری کردیت،

ئیمڕۆ و هەموو ڕۆژەکانی تریش ڕزگارت دەکات.

**(٤٧)**

»چ دەبێت گەر بەخۆشەویستییەوە پەرستشی خودا بکەین،

تەنها ئامانجمان پاداشت نەبێت.

خۆشەویستی نارەحەتیی تاعەت سانا دەکات.«

## (٤٨)

بەردەوام دەپرسم،

دەبێت حاڵی ئەوانە چۆن بێت کە لە خودا دوورن،

کە دڵیان تەنگ دەبێت، ڕوحیان ماندوو دەبێت،

سکاڵای خەمەکانیان بۆ لای کێ دەبەن؟

کە هاوڕێکانیان خیانەتیان لێ دەکەن، خۆشەویستانیان جێیان دەهێڵن،

ژیان ماندوویان دەکات،

پەنا بۆ کێ دەبەن؟

داوا لە کێ دەکەن؟

پشت بە کێ دەبەستن؟

داوای فریاکەوتن لە کێ دەکەن؟

**(٤٩)**

ئەو دەمەی دوعا دەکەیت،

خودا باشترین کات دیاری دەکات بۆ وەڵامدانەوەت،

نەک خێراترین کات.

**(٥٠)**

»خەڵکی تەنها ئەنجام دەبینن،

ئەوە تەنها خودایە ئەندازەی هەوڵدانەکەت دەبینێت.«

## (٥١)

لەپەنایدا دانیشتم و لە سەرمادا دەلەرزیم،

پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەستی پێ کردم،

لەو دەمەدا نوێژی دەکرد،

عەباکەی والآ کرد و منیشی کردە ژێر عەباکەیەوە،

هەموو ئەندامەکانم ئارام بوونەوە و هەستم بە گەرمی کرد.

- حوزەیفەی کوڕی یەمان

## (٥٢)

ئەبو هورەیرە دەفەرمووێت:

خۆشەویست(ﷺ) ئامۆژگاریی کردم بە سێ شت:

بەڕۆژووبوونی سێ ڕۆژ لە مانگێکدا.

دوو ڕکاتی نوێژی چێشتەنگاو.

پێش خەوتن نوێژی ویتر بکەم.

## (٥٣)

نەخۆشییەکی بێدەنگ هەیە،

ناوی «ڕاهاتنە لەسەر نیعمەتەکان.»

چەندین نیشانەی هەیە، لەوانە:

* وەها لەگەڵ نیعمەتەکاندا ڕابێیت،

وەک ئەوەی نیعمەت نییە.

* بچیتەماڵەوە و هەموویان ساغ و سەلامەت بن و

شوکرانەی خودا نەکەی لەسەری.

* چیت دەوێت بیکڕیت و شوکرانەی ئەو نیعمەتە نەکەیت.

* لە خەو ڕابێیت و لە ئارامی و ئاسایشدا بیت و

سوپاسی خودا نەکەیت...

بەردەوام سوپاسگوزار بە،

بۆ ئەوەی نیعمەتەکانت بەردەوام بێت...

## (٥٤)

ئەو گریانەی کەس نەیبینی،

ئەو خەمەی کەس هەستی پێی نەکرد،

ئەو تەنیاییەی دڵتەنگی کردین،

ئەو هەستانەی شاردمانەوە،

ئەو ئارەزووانەی بەرەنگاریان بووینەوە،

هەموو ئەمانە ئارامگرتنە و

ئومێدمان وایە لە دونیا و قیامەتدا پاداشتەکەی وەر بگرین.

لە دونیا پێگەیشتوومان بکات و قەرەبووی خودا بێتە ڕێمان،

لە قیامەتیش پاداشتەکەی وەر بگرین...

**(٥٥)**

با کاتی خۆی بێت،

خودا هەموو شتێکت بۆ موسەخەر دەکات.

**(٥٦)**

خودا ئەو کەسە شەرمەزار و نائومێد ناکات،

کە هێندە دوعای کردووە، گەرووی وشک بووە!

**(٥٧)**

عاقیبەتخێری بەڕێکەوت نییە،

بەڵکوو پوختەیەکی تەواوی هەموو ژیانتە!

خودایە عاقیبەتخێرمان بکەیت..

## (٥٨)

لە ڕۆژی قیامەتدا هەمووان لە یەکتری هەڵدێن و

لە دەستی یەکتری ڕادەکەن،

ئیللا هەڵگری قورئان نەبێت،

دەچێتە لای دایک و باوکی و تاجی ڕێز دەکاتە سەریان.

## (٥٩)

«یەکێک دەیوت: خودایە،

گەر بمخەیتە دۆزەخیشەوە،

بە ئەهلی دۆزەخیش دەڵێم کە تۆم خۆش دەوێت.»

**(٦٠)**

ڕەبیعی کوڕی خوسەیم لە دوعاکانیدا دەیوت:

داوای پێویستییەکت لێ دەکەم،

کە تەنها لەلای تۆ باس دەکرێت.

**(٦١)**

سوفیانی سەوری دەفەرمووێت:

گەر یەکێکمان بیویستایە وەڵامی دوعاکانی بدرێتەوە،

لە پەنهانیدا دوعای بۆ براکانی دەکرد...

**(٦٢)**

«ئێمە قەرزاری هەموو ئەو کەسانەین،

کە شتێکیان پێ وتین و

بە هۆیەوە خۆشەویستیی خودا لە دڵماندا زیادی کرد».

**(٦٣)**

«دڵنیا بە ئەو شتەی لێی بێبەش بوویت،

ڕەحمت پێ کراوە و بێبەش کراوی لە شەڕی ئەو شتە،

باش دڵنیا بە.»

**ئەدهەم شەرقاوی**

**(٦٤)**

«یەکێک لە ڕۆزییەکان ئەوەیە:

خودا خۆشەویستی و قبوڵبوونت

دەخاتە دڵی هەموو ئەوانەی کە دەتبینن.»

## (٦٥)

مەزنترین دڵنەواییکردن لە مێژوودا،

ئەو دەمەی بیشری کوڕی عەقرەبە باوکی شەهید کرا،

پێغەمبەری خودا (ﷺ) پێی وت:

ئازیز! ئەوە بۆچی دەگریت؟!

ڕازی دەبیت من باوکت بم و عائیشە دایکت بێت؟!

## (٦٦)

خەمبار مەبە،

خودا هەموو شتەکان ڕێک دەخاتەوە...

## (٦٧)

سوپاس بۆ خودا لەسەر ئەو نیعمەتەی کە فێرت دەکات،

کە پشتبەستن بە غەیری خودا،

شکان و کەوتنێکی ترە و

خودا تاکە ئارامییە لەم جیهانەدا...

## (٦٨)

»لە نوێژەکەمدا یادم کردیت،

هەر بۆیە لە سوجدەدا زۆر مامەوە،

خۆشەویستی واتا دوعاکردن.«

## (٦٩)

»هەژار بیت و لەشساغ بیت،

زۆر باشترە لەوەی دەوڵەمەند بیت و نەخۆش بیت.

ڕزقت کەم بێت،

زۆر باشترە لەوەی هەناسەت کەم بێت و تەنگەنەفەس بیت.

شیرینی لە ماڵەکەتدا نەبێت،

زۆر باشترە لەوەی دکتۆر خواردنیت لێ قەدەغە بکات.

لەسەر زەوی بخەویت،

زۆر باشترە لەوەی لەسەر سەرینی چارەخانە بخەویت.«

- ئەدهەم شەرقاوی

**(٧٠)**

وتنی (**أستغفرالله**)

چارەسەری هەموو ئەو دەرد و نارەحەتییانەیە،

کە چارەسەریان سەخت و دژوارە...

**(٧١)**

هەندێ وردەکاری،

تەنها بۆ خودا باس دەکرێت.

**(٧٢)**

«ئازارێک بوو بەرگە نەدەگیرا،

بەڵام لە ڕێیەوە خودات ناسی،

نزیک بوویتەوە لێی، ئەمەشت بەستە.»

## (٧٣)

نوێژی نەدەکرد،

نوێژی نەدەکرد،

دواتر هەندێ نوێژی دەکرد،

دواتر ناوەناوە دەچووە مزگەوت،

ئێستا لە مزگەوت چاوەڕێی بانگ دەکات...

خودایە بەردەوامی و ڕاوەستاویمان پێ ببەخشـە...

## (٧٤)

پەروەردگارا، پەنات پێ دەگرم لەو چاوەی،

کە دەدات لە دڵ خەمباری دەکات،

دەدات لە ڕۆزی کەمی دەکات،

دەدات لە دەروون ماندووی دەکات،

دەدات لە سەرکەوتن شکستی پێ دەهێنێت.

(٧٥)

هەموو خۆشەویستییەک ئازار و نارەحەتیی هەیە،

ئیللا خۆشویستنی خودا نەبێت،

بەردەوام ئارامی و ئاسوودەییە.

(٧٦)

لە کۆتاییدا بۆت دەر دەکەوێت،

چارەسەرت لەوەدا بوو،

کە لە خوداوە نزیک بیت.

**(٧٧)**

له یەک ساتدا پێدەکەنی و دەگریا،

وەک ئایەتی: ﴿إِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرٗا﴾

واتە: لەگەڵ تەنگانەدا خۆشی و ئاسوودەیی دێت.

**(٧٨)**

ڕۆژێک دێت دەڵێیت:

خراپترین ئاواتم خواست و

ئەوەی خودایش بۆی دانابووم باشترین ڕۆژی بوو!

## (٧٩)

ئەرێ حەڵاڵەکە جوانتر نییە!

لەسەر سوننەتی خوا و پێغەمبەر(ﷺ) دەچیتە خوازبێنیی کچێک،

گرنگترین کەسانی خێزانەکەتت لەگەڵدایە، دایکت، باوکت، برات...

دەچیتە ماڵی کەسێک کە هیچی تۆ نییە، زۆر پیاوانە پێشوازیت لێ دەکەن،

بە باشترین شێوە خزمەتت دەکەن،

باشترین و بەچێژترین خواردن و خواردنەوەت پێشکەش دەکەن،

هەمووان بەڕێزەوە لەگەڵت دەدوێن...

دواتر ساتی بینینی کچەکە دێت،

هەمووان ڕێت پێ دەدەن بچیت کچەکە ببینیت،

چوونکە تۆ ئەو کەسەی سەری کچەکەیان بەرز دەکەیتەوە و

بەسەربەرزییەوە هاتوویتەتە داوای.

هەمووان دڵیان خۆشە بە کارەکەت و هانت دەدەن،

هانت دەدەن چوونکە پیاویت و ڕووت کردۆتە حەڵاڵ،

خودا، پاشان خەڵکیت لە خۆت ڕازی کردووە.

## (٨٠)

ئەوە چی ڕووی داوە؟

وا ئاوا نوێژەکانت دوا دەخەیت،

هەڵناسیت بۆ نوێژی بەیانی،

زمانت وشک بووە لە یادی خودا،

شەونوێژت فەرامۆش کردووە و

تۆزیش لەسەر قورئانەکەت نیشتووە!

ئەوە چیتە ئاوا ڕاهاتوویت لەگەڵ حەرامدا،

نەفسی خۆتت لەیاد کردووە و ستەمی لێ دەکەیت.

بێخەمیت لەوەی سزای خودا بتگرێتەوە؟

بگەڕێوە بۆ لای خودا،

بەخێرایی تەوبە بکە،

لەوەیە ئەجەلت زۆر نزیک بێت...

**(٨١)**

»ئەو دەمەی نارەحەتییەکانی ژیانت دەژمێریت،

باش بیرت بێت،

خودا دەتوانێت ئەو شتانە بگۆڕێت،

کە گومانت وایە هەرگیز ناگۆڕێن.«

**(٨٢)**

بە یەکێک لە پیاوچاکان وترا:

بـۆچی دەکەویتە لەرزین، لەو دەمەی گوێبیستی

فەرموودەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەبیت؟

فەرمووی: لە کێوی ئوحود بپرسن!

**(٨٣)**

دەرچەی پیتەکان حەڤدە دەرچەیـە،

لە گەرووەوە هەتا دەگات بە لێوەکان.

بەڵام نازانم چۆن وشـەی «یا ڕەب»

لە دڵەوە دەر دەچێت،

بەتەواوی لە دڵەوە و

سەر بە هیچ یـەکێک لەو دەرچانە نییە!

**ئەدهەم شەرقاوی**

**(٨٤)**

ئێستا لە وەڵامدانەوەی دوعاکانی دوێنێتدا دەژیـت،

شەیتان فەزڵی خودات لەبیر نەباتەوە.

## (٨٥)

دەترسم، وەڵڵاهی دەترسم،

لە نزیکبوونەوەی مردنم دەترسم.

دەترسم بە بەرچاوی خۆمەوە هەموو کردەوەکانم ببێتە تۆزی بەر با.

دەترسم زۆر درەنگ بۆم دەر بکەوێت کە ڕێگاکەم هەڵە بووە.

دەترسم عاقیبەتشەڕ بم.

دەترسم لە نامەی کردەوەکانمدا ئازاردانی دایک و باوکمی تێدا بێت.

دەترسم لەدوای هیدایەت ڕێگا ون بکەم،

وێڵ بم لەدوای ئەوەی ڕاوەستاو بووم.

دەترسم تەسلیمی نەفسی خۆم ببم و ڕوو بکەمە دونیا و

قیامەت لەیاد بکەم.

دەترسم بمرم و خودا لێم ڕازی نەبێت.

دەترسم کردەوەکانم تەواو ببێت و

هێشتا پێویستم بە خێر و چاکەی زیاتر بێت.

دەترسم، وەڵڵاهی دەترسم...

## (٨٦)

«ئێمە شتێکمان ویست و خودایش شتێکی تری ویست،

سوپاس بۆ خودا لەسەر ئەو خێرەی ئێمە نایزانین.»

## (٨٧)

هەرکەسێک دەیەوێت سینەی فراوان بێت و

خودا  لە تاوانەکانی خۆش ببێت و

نارەحەتی و خەمەکانی نەمێنێت،

با زۆر سەڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەری خودا(ﷺ).

**ئیبن قەییم**

## (٨٨)

هاوڕێکەم چەندین ساڵ ئاواتەخوازی شتێک بوو،

دوعای دەکرد، ڕۆژووی سوننەتی دەگرت،

لە کاتی ڕۆژووشکاندندا دوعای دەکرد،

هەڵدەستا بۆ شەونوێژ...

لە کۆتاییدا بە جۆرێک پێی گەیشت و خودا سارێژی کرد،

لە خۆشیدا خەوی لێ نەدەکەوت...

## (٨٩)

هەموو ئەوانەی لە شەونوێژدا گریان،

دواتر پێکەنین...

**(٩٠)**

خۆشیی بەدەستهێنانی هەموو شتێکم تاقی کردەوە،

دەرچوون، کار، هاوسەرگیری، منداڵ، خانوو...

لە کۆتاییدا بە لەبەر خەتمی قورئانی پیرۆزم کرد،

خۆشترین هەستی ژیانم بوو،

وەڵڵاهی خۆشییەکانی تر هیچ نەبوو لەچاویدا..

**(٩١)**

بەبێ ئەوەی ئاگات لێی بێت دەمپاراستیت،

لە سوجدەدا دوعام بۆ دەکردیت،

ئەمە ڕێگای منە بۆ پاراستنی ئەو شتانەی خۆشم دەوێت.

**ئەدهەم شەرقاوی**

## (٩٢)

یەکێک لەو شتانەی نیشانەی ئەوەیە خودا خۆشی دەوێیت،

تەوبەکردن و گەڕانەوەتە بۆ لای خودا

لەدوای هەموو تاوانێک،

ڕاوەستاو بە!

## (٩٣)

لە کەسێکی تەوبەکاریان پرسی کە پێشتر خراپەکار بوو:

چۆن ئاوا گۆڕایت و بوویت بە کەسێکی باش؟

وتی: هەر خراپەیەکی منیان دەگەیاند بە باوکم،

باوکم دەیوت: یا ڕەبی ڕۆڵە خودا هیدایەتت بدات.

دوعا بۆ منداڵەکانتان بکەن و

دوعایان لێ مەکەن.

## (٩٤)

کەسێک دەڵێت:

دوای ئەوەی زۆر گریام و زۆر پاڕامەوە، لە کۆتاییدا وتم:

خودایە بیسەری هەموو شتێک بوویت،

خۆت پەیامێکم بۆ بنێرە کە وەڵامم دەدەیتەوە...

قورئانەکەم کردەوە و چاوم چووە سەر ئەم ئایەتە:

﴿قَالَ قَدۡ أُجِيبَت دَّعۡوَتُكُمَا﴾

واتە: بێگومان داوای هەردووکتان وەر گیرا...

- ئارام بە، هەر لەو دەمەی دوعات کرد، وەڵامی داویتەوە...

﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعۡجِزَهُۥ مِن شَيۡءٍ﴾

هیچ شتێک لەژێر دەسەڵاتی خودا دەر ناچێت.

## (٩٥)

ئەو ئافرەتەی مزگەوتەکەی پێغەمبەری خودای(ﷺ)

پاک دەکردەوە و بۆنخۆشی دەکرد،

ئەو کەسەی سەگێکی ئاو دا و چووە بەهەشتەوە،

ئەو کەسەی نارەحەتیی ڕێگایەکی لا دا و خودا لێی خۆش بوو!

ئەو کەسانەی ناویان باس نەکرا،

بەڵام وتە و کردەوەکانیان بەنەمری مایەوە!

گەر لە ئاسماندا بەندەیەکی ناسراو بیت،

هیچ زیانێک ناکەیت گەر لەسەر زەویدا نەناسراو بیت...

## (٩٦)

ئەوەی بۆ تۆ نووسراوە،

ڕقیشت لێی بێت لەدەستت ناچێت.

ئەوەی بۆ تۆ نەنووسراوە،

پێی ناگەیت گەرچی ئاواتەخوازیشی بیت.

هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە و بڵێ:

لەوەیە ئەو شتەی ڕقم لێیەتی خێری تێدا بێت،

شەڕیش لەوەدا بێت کە ئاواتەخوازی بووم...

## (٩٧)

کاتێکی دیاریکراوت هەیە،

لەگەڵ ئەو مەحاڵەی داوای دەکەیت...

## (٩٨)

لە سورەتی سەجدەدا ئەم ئایەتە وەستاندمی:

﴿فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ﴾

واتە: کەس نازانێ لە بارتەقای ئەو کارانەی کردوویانە،

چ پاداشتێکی چاورۆشنکەریان بۆ دانراوە!

بەدوای واتای ﴿قُرَّةِ أَعْيُنٍ﴾دا گەڕام،

بۆم دەر کەوت (قرور العین):

ئەو  فرمێسکە ساردەیە کە بە هۆی دڵخۆشیی زۆرەوە

لە چاو دێتە دەرەوە...

خودایە چاومان ڕۆشن بکە بە بەدیهاتنی خەونەکانمان.

## (٩٩)

لیتان ناشارمەوە،

ماوەیەکی زۆر دوعاکەی موسام دەوتەوە،

﴿رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلۡتَ إِلَيَّ مِنۡ خَيۡرٖ فَقِيرٞ﴾

واتە: پەروەردگارا، تۆ خێروبێری زۆرت بەسەردا ڕژاندووم،

بەڵام هێشتا هەژارم و ئاتاجی بەخششی زیاترم.

دوای ماوەیەک بەخششەکانی خودا داباری بەسەرمدا،

خودا زۆر شتی پێ بەخشیم،

کار و هاوسەرگیری و شتی تریشی بۆ ئاسان کردم...

**محمود الرفاعي**

## (١٠٠)

چەندین شەو بەسەرمدا تێپەڕی

کە هێندە دەگریام چاوەکانم دەئاوسان،

ئاگام لە خۆم نەدەما و خەو دەیبردمەوە،

وەڵڵاهی هێندە سەخت بوو، بە خۆمم دەوت،

«ناگەمە بەیانی و گەشتوومەتە دیداری خودا و مردووم...»

ئێستا کە خودا هەموو شتێکی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر چارەسەر کرد،

ئێستا هەرچییەکی سەخت دێتە ڕێم دەڵێم:

خودا پێشتر ڕەحمی پێ کردم و لوتفی نواند بەرامبەرم،

ئێستایش جێم ناهێڵێت، هەر ئەوەیش ڕوو دەدات...

خودا لەوە مەزنترە دەستمان لێ بەر بدات،

لەو کاتەی زۆر پێویستمان پێیەتی!

فاطمة الشيشيني

**(١٠١)**

که خودا حەقیقەتی هەندێ کەست بۆ دەر دەخات،

بەدوای پاساودا مەگەڕێ بۆی و

سوپاسی خودا بکە.

**(١٠٢)**

چوار شت ڕۆزیهێنەرن:

شەونوێژ.

زۆر وتنی (**أستغفرالله**) لە کاتی پارشێودا.

خێرکردنی زۆر.

زیکری بەیانییان و ئێواران.

**ئیبن قەییم**

**(١٠٣)**

چاوەڕێی کەوتنمان مەکەن،

ئێمە لەژێر چاودێریی خودادایین.

**(١٠٤)**

لەوەیە ئەو شتەی ڕێگرە لە وەڵامدانەوەی دوعاکانت،

ئەو تاوانە بێت کە تەنها خۆت و خودا دەیزانن...

**(١٠٥)**

خۆشەویستیی خودا

مەزنترین چیرۆکی خۆشەویستییە،

گەڕان بەدوایدا مەزنترین هەوڵدانە،

بینینەوەی مەزنترین دەستکەوتە.

**(١٠٦)**

پێم وت: بۆچی نوێژ ناکەیت؟

وتی: دوعام بۆ بکە خودا هیدایەتم بدات!

پێم وت: مەچۆ بۆ سەر کارەکەت!

وتی: بۆچی؟

وتم: دوعات بۆ دەکەم خودا ڕۆزییشت بدات!

**(١٠٧)**

لە ئیبنو جەوزییان پرسی:

لە قورئاندا هیچ شتێک هەیە وەک ئەم پەندە:

«لەبەر خاتری چاوێک، نازی هەزار چاو هەڵدەگیرێت.»

فەرمووی: بەڵێ، خودا فەرموویەتی:

﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمۡ وَأَنتَ فِيهِمۡۚ﴾

واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ)،

هەتا تۆ لەناویاندا بیت، سزا نادرێن.

**(١٠٨)**

خەیاڵی ئەوە بکە ئەو شتانەی لە خودا داوای دەکەیت،

هەمان ئەو شتانە بێت کە بۆت نووسراوە،

دوعاکەت ئەو قەدەرە بێت کە چاوەڕێتە!

**(١٠٩)**

خودا تاکە پشتیوانـە،

ئەوانی تر هۆکارێکن و خودا بۆی موسەخەر کردووین.

**(١١٠)**

کە هەواڵ دەگەیشت بە ئیمامی ئەحمەد،

یەکێک لە هاوڕێکانی کچی بووە،

دەیفەرموو: پێی ڕابگەیەنن،

کە پێغەمبەران باوکی کچان بوون

## (١١١)

ئەو دەمەی داوا لە خودا دەکەیت،

بە جۆرێک داوای لێ بکە کە ئاگای لێتە،

تەماشات دەکات،

بیسەری دوعاکەتە،

لێت نزیکە،

دەتوانێت وەڵامت بداتەوە،

هیچ شتێک قورس نییە بەلایەوە.

## (١١٢)

ئاگات لە کاتەکانی وەڵامدانەوەی دوعا بێت،

بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی بکە،

خۆتی بۆ ئامادە بکە،

هەست بە مەزنیی خودا بکە،

دەست بەرز بکەرەوە و

دڵنیا بە خودا بیسەرتە،

ئاگای لە خەمەکانتە،

دڵنیا بە کە دەتوانێت پێویستییەکانت بۆ بەدی بهێنێت،

خەونەکانت بکاتە حەقیقەت،

لەدوای هەموو ئەمانە چاوەڕێی دەروولێکردنەوە ببە و

گومانی باشت بە خودا هەبێت.»

## (١١٣)

ڕۆژێک دێت هەموو ئەو شتانە لەیاد دەکەیت

کە خودا لێتی دوور خستەوە و خەمبار بووی پێی،

لەیادی دەکەیت،

چوونکە خودا زۆر باشتری پێ داویت،

چوونکە شتانێکی پێ بەخشیوی کە خەونیشت پێوە نەدیوە،

تەنها خودا سارێژت دەکات و ئاگای لێتە.

## (١١٤)

گەر خودا ئیلحاحکردنی لە دوعادا پێ بەخشیت،

ئەوا بزانە نزیکیت لە وەڵامدانەوە و

ڕزگاربوونت لە خەمەکانت.

**(١١٥)**

گەر دەتەوێت ڕۆژێکی پڕ ئاسوودەیی و دڵخۆشیت هەبێت، بزانە لە سێ-یەکی شەودا لەگەڵ کێدا دەدوێیت!

**(١١٦)**

خودایە: بەندەی ترت هەیە،

بەڵام من تەنها تۆم هەیە...

**(١١٧)**

ئازار و نارەحەتییەکان پەروەردەمان دەکەن،

فێری بێدەنگیمان دەکەن،

فێرمان دەکەن دوعا بکەین،

فێرمان دەکەن لە خەڵکی دوور بین و

بە خودا شادومان بین.

## (١١٨)

هەر کەسێک لە دوعاکانیدا ناوت بهێنێت،

ئەوا بزانە بەڕاستی تۆی خۆش دەوێت،

کەسێک لە تەنیاییەکەیدا دەستەوئەژنۆ بچێتە خزمەتی خودا،

بەملکەچییەوە دەست بەرز بکاتەوە،

بەدیاریکراوییش ناوی تۆ بەرز بکاتەوە بۆ لای خودا و

دوعای خێرت بۆ بکات و داوا بکات ئاواتەکانت بێتە دی.

ئەمە جوانترین وێنەی خۆشەویستییە...

## (١١٩)

وێڵ و سەرگەردان دەبیت، ڕێنوێنیت دەکات.

داوای لێ دەکەیت، پێت دەبەخشێت.

بەشکاوی دەچیتە خزمەتی، سارێژت دەکات.

بەتاوانەوە دەچیتە خزمەتی، لێت خۆش دەبێت.

بەبێبەشکراوی دەچیتە خزمەتی، ڕۆزیت دەدات.

نەخۆش دەکەویت، شیفات دەدات.

دەمریت، ژیانت بۆ دەگەڕێنێتەوە و زیندووت دەکاتەوە.

من لە بارەی خوداوە بۆتان دەدوێم...

**(١٢٠)**

گەر بتزانییایە دڵی کەسەکان چەندێ خەمی تێدایە،

سوپاسی خودات دەکرد لەسەر ئەوەی لە دڵتدایە.

**(١٢١)**

داوای هەرشتێکت کرد لە خودا،

لەگەڵیدا بڵێ ئەگەر خێری تێدایە بەنسیبمی بکەیت،

چوونکە بەدەستهێنانی هەندێ شت لەناوچوونتی تێدایە.

## (١٢٢)

لەوەیە قەدەرێک کاتژمێرێک خەمبارت بکات،

بۆ ئەوەی یەک تەمەن خەمبار نەبیت.

لەوەیە ساڵێک لە کارێک دوا بکەویت،

بۆ ئەوەی یەک تەمەن دوا نەکەویت.

لەوەیە ئەندازەی دڵۆپێک ئاوت لێ بگرێتەوە،

بۆ ئەوەی دواتر چەندین ڕووبارت پێ ببەخشێت.

خودا بەرامبەر بەندەکانی میهرەبان و بەخشندەیە.

## (١٢٣)

وەها دەست بگرە بە قورئانەوە،

وەک ئەوەی پەتێک بێت بۆت هەڵدرابێت و

تۆیش نزیک بیت لەوەی بکەویتەوە چاڵێکی ئاگرەوە،

پەتەکە مایەی ئارامیتە،

چوونکە ئەوسەری بە دەستی خوداوەیە.

**د. ئەحمەد عەبدولمونعیم**

## (١٢٤)

– بە شەرم و حەیاوە دەڕۆیشت بە ڕێگادا.

– ئەی چی ڕووی دا؟

– هاوسەرگیریی لەگەڵ پێغەمبەرێکدا کرد.

شەرمەکەت، باڵاپۆشییەکەت ڕێگر نییە لە هاوسەرگیریکردنت.

**(١٢٥)**

ئەو نارەحەتی و زەحمەتەی دێتە ڕێت،

لە کاتی گەڕان بەدوای پۆشاکێکی گونجاو و شەرعیدا،

لەلای خودا بە هەوانتە ناچێت و

بە چاکە بۆت دەنووسرێت.

**(١٢٦)**

هەندێک لە پیاوچاکان پارچە کاغەزێک لە گیرفانیاندا بوو،

ڕۆژانە چەندین جار دەریان دەکرد و تەماشایان دەکرد،

لەسەری نووسرابوو:

﴿وَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا﴾

واتە: ئارام بگرە بۆ بڕیاری پەروەردگارت،

تۆ لەژێر چاودێریی ئێمەدایت.

**(١٢٧)**

که داوای شتێکم لە خودا دەکرد،

ئەگەر پێی ببەخشیمایە جارێک دڵخۆش دەبووم،

ئەگەر پێی نەبەخشیمایە دەیان جار دڵخۆش دەبووم...

چوونکە یەکەم بژاردەی من بوو،

بەڵام دووەم بژاردەی خودا بوو.

**(١٢٨)**

ئەو دەمەی ئەبوبەکری سدیق دەگەیشت بە ئایەتی:

﴿إِذۡ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحۡزَنۡ﴾

واتە: بە هاوڕێکەی وت خەمبار مەبە.

دەگریا و دەیوت وەڵڵاهی من هاوڕێکەیم.

## (١٢٩)

چ دەبێت ئیمشەو دەستەکانت بەرز بکەیتەوە،
پڕ بە دڵت بڵێیت: خودایە...
خودایش ڕاستگۆیی دڵت و
شکاویی نەفست و ئەسرینی چاوت ببینێت،
لوتف وکەرەم بنوێنێت و بەزەیی پێتدا بێتەوە و
بفەرمووێت: ئەی فریشتەکان،
بەندەکەم داوای چی دەکات پێی ببەخشن.

## (١٣٠)

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:
هەرکەسێک بە دوعاکەی یونس دوعای کردبێت و
دواتر داوای هەرشتێکی کردبێت،
ئیللا خودا وەڵامی داوەتەوە
﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾
(سەڵاوات پاشان دوعاکەی یونس، پاشان داواکارییەکەت بڵێ...)

**(١٣١)**

هەموو ئەو دوعایانەی بەرز بوونەوە بۆ ئاسمان،

ڕۆژێک دێت بە جوانترین شێوە دەگەڕێنەوە بۆ سەر زەوی.

**(١٣٢)**

ئەو کەسەی زۆر زیکر و یادی خودا دەکات،

بەدەم پێکەنینەوە دەچێتە بەهەشتەوە.

**ئیبن قەییم**

**(١٣٣)**

ڕاستە بە(تەنها) تۆ هەڵە و تاوان ئەنجام نادەیت،

بەڵام باش بزانە

لە قیامەتدا بە(تەنها) لێپرسینەوەت لێ دەکرێت.

**(١٣٤)**

کەسێک دەڵێت:

ماوەیەکی زۆر داوام لە خودا دەکرد شتێکم پێ ببەخشێت،

زۆر دەموتەوە و ئیلحاحم دەکرد،

دواتر بیرم چوو، ئیدی دوعایشم نەدەکرد بۆ ئەو شتە...

چەند مانگێکی نەبرد خودا وەڵامی دامەوە،

ئینجا بیرم کەوتەوە خۆ من داوای ئەوەم لە خودا کردووە،

من لەیادم کردبوو، بەڵام خودا لەیادی نەکردبوو...

## (١٣٥)

یەکێک دەڵێت:

لەوەتەی دەستم کردووە بە لەبەرکردنی قورئان،

ژیانم پڕ بووە لە بەرەکەت و کارەکانم زۆر ئاسان بووە،

هەر سەختییەک دێتە ڕێم، ئیللا خودا بۆم ئاسان دەکات،

لە شوێنێکەوە دەرووم لێ دەکرێتەوە کە چاوەڕێی نەبووم،

ئەمە هێشتا دوو جوزئم لەبەر کردووە،

ئەی دەبێت حاڵم چۆن بێت کە هەموو قورئان لەبەر بکەم.

## (١٣٦)

ڕۆژە ئارام و هێمنەکانی ژیانت،

یەکێکە لە ڕۆزییە مەزنەکان.

**(١٣٧)**

دەستنوێژێک بگرە و چەند ڕکاتێک شەونوێژ بکە،

ئینجا لە واتای بەختەوەری تێدەگەیت!

**(١٣٨)**

لە شەوی قەدردا جوبرەئیل دێتە خوارەوە...

جوبرەئیل لەدوای وەفاتی پێغەمبەری خودایش(ﷺ)

سەردانمان دەکات،

سڵاو لەو فریشتەیەی بۆنی پێغەمبەری خودای(ﷺ) پێیە!

## (١٣٩)

»هەوڵدانت بۆ وازهێنان لەو شتەی خۆشت دەوێت،

لە پێناو ئەو شتەی خودا خۆشی دەوێت،

لەسەر دڵت قورسە،

بەڵام باش بزانە لە تەرازووی کردەوەکانتدا زۆر قورسترە!«

**ئەدهەم شەرقاوی**

## (١٤٠)

«چ دەبێت ئیمشەو خودا بە ئاواتەکەت بڵێت ببە،

ببێت!»

**(١٤١)**

هەرکەسێک بۆ خودا بچەمێتەوە،

هەموو شتێکی بۆ ڕاست دەبێتەوە.

**(١٤٢)**

شەونوێژ،

کاتی ڕوودانی موعجیزەیە،

کاتی ڕوودانی شتە مەحاڵەکانە،

کاتی چارەسەربوونی کێشە سەختەکانە.

**(١٤٣)**

پێش ئەوەی بخەویت...

لەگەڵ خودادا بدوێ،

باسی ئەو شتەی بۆ بکە کە ئیمڕۆ شکانتی.

باسی ئەو تاوانەی بۆ بکە کە بڕیارت دابوو ئەنجامی نەدەیت،

بەڵام دووبارە ئەنجامت دا.

باسی ئەوەی بۆ بکە دڵت شکاوە و

تەنها خۆی دەتوانێت سارێژی بکات.

باسی خەون و ئاواتەکانتی بۆ بکە و

هەر لە ئەو داوای بەدیهاتنی بکە.

چەند جوانە دەردەدڵ بۆ خودا بکەیت،

تاکە دەردەدڵە کە پەشیمانیی لەدوا نایەت...

## (١٤٤)

»لەوەیە کارێکی چاکەت ئەنجام دابێت و

ئێستا ئەو کارەت لەیاد چووبێت،

بەڵام هێشتا ئەو کارە دەتپارێزێت لە بەڵاکانی زەمانە.«

## (١٤٥)

هەردەمێک ناڕەحەت بووی، خەمبار بوویت،

ڕێگاکان لە بەردەمت تەنگ بوونەوە،

بگەڕێوە بۆ لای خودا،

هێمنی و دڵخۆشی و فراوانیت دەست دەکەوێت.

**(١٤٦)**

خودا هێندە بەسۆز و میهرەبانە بۆ تۆ،

هەندێ جار وەڵامی دوعایەک یان خولیایەکت دەداتەوە،

کە هێشتا لە سینەتدایە و نەتدرکاندووە، هێشتا تەنها ڕازێکە!

پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ نوێژکردنی ڕووی دەکردە (بیت المقدس)،

ئاواتەخواز بوو کەعبە قیبلەی موسڵمانان بێت،

تەماشای ئاسمانی دەکرد بە ئاڕاستەی کەعبەی پیرۆزدا.

تەنها ڕازێک بوو، دواتر مژدەپێدان و وەڵامدانەوە هات:

﴿قَدۡ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجۡهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبۡلَةٗ تَرۡضَىٰهَاۚ﴾

واتە: تۆمان دیوە بەرەو ئاسمان دەڕوانیت،

ڕووت دەکەینە ڕووگەیەک کە پەسەندت بێ...

**(١٤٧)**

«قورئانەکەی هەڵگرت و فوویەکی لە تۆزەکەی سەری کرد،

دواتر وتی:

ئاوا جێم هێشتیت هەتا تۆز لەسەرت نیشت،

بەڵام دڵی خۆم پیس بوو.»

**(١٤٨)**

نازانم لە چ دۆخێکدایت،

نازانم خەم و ئازارەکانت چەندێکە،

بەڵام باش دەزانم پێویستت بە شەونوێژە.

## (١٤٩)

پێغەمبەری خودا(ﷺ) زۆر بێدەنگ بوو،

قسەی پێویست نەبووایە نەیدەکرد،

لە شتێکدا قسەی نەدەکرد کە پەیوەندیی بەوەوە نەبوو،

لە شتێکدا قسەی نەدەکرد کە پاداشتی تێدا نەبوو،

ئەگەر رِقی لە شتێک بووایە بە رِوخساریدا دیار بوو.

- ئیبن قەییم

## (١٥٠)

»دەزانیت چ شتێک مەترسیدارە؟

خەڵکی لە رِۆژهەڵات هەتا رِۆژئاوا تاریفت بکەن،

بەڵام لەلای خودا هیچ بەهایەکت نەبێت.«

## (١٥١)

چەندێ مەزنە!

چەندین ساڵ سەرپێچی دەکەیت،

لە یەک چرکەدا لێت دەبورێت.

دەڵێیت: خودایە، وا تەوبەم کرد.

دەفەرمووێت: بەندەکەم، وەرم گرت!

## (١٥٢)

بەوانە بڵێن کە دەستیان گرتووە بە دوعاوە،

خودا هەرگیز شەرمەزارتان ناکات.

**(١٥٣)**

خودا خاوەنی هەموو دەرگاکانە،

بچووک و گەورەیان،

دوور و نزیکیان،

ئاسان و قورسیان.

گەر ویستی لێ بێت پێت دەبەخشێت،

گەرچی لەنێوان تۆ و ئەودا هەزاران دەرگا هەبێت!

## (١٥٤)

دەست بخە سەر دڵت و پێی بڵێ:

خودا ئاگای لە هەموو شتێکە،

بەردەوامیی دۆخە سەختەکەت مەحاڵە،

قەدەرەکانی خودا هەمووی جوانە،

خودا ئێمە لەبیر ناکات،

گەر هۆکارەکانی سەر زەویش نەمێنێت،

پەروەردگاری هۆکارەکان بە ڕەحمی خۆی ڕزگارمان دەکات،

وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت.

## (١٥٥)

مرۆڤ لەناکاودا لە شەرعی خودا لا نادات،

بەڵکوو هەنگاوبەهەنگاو،

هەر ڕۆژە گوێ بۆ بۆچوونێکی نامۆ دەگرێت،

بە چاوەکانی تەماشای وێنەیەکی نەشیاو دەکات،

هەر ڕۆژە کەمێک دوور دەکەوێتەوە،

هەتا دوای ساڵێک دەبینێت،

لە شێوێکی ترە،

بە زاری کەسێکی تر دەدوێت،

بە ئاوەزێک بیر دەکاتەوە کە لەوەی پار ناچێت...

ئامان ئاگاتان لە هەنگاوەکانتان بێت!

**ئەدهەم شەرقاوی**

## (١٥٦)

گومانی وا بوو خودا ڕازی دەکات،

خودا چەند هێندەی گومانەکەی پێ بەخشی.

## (١٥٧)

«لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بینیوتە،

ئەو دەمە نەتبینیوە کە لە پەشیمانیدا پەنجەی دەگەزێت،

ئەو دەمە نەتبینیوە کە تەوبە دەکات...»

## (١٥٨)

+ وەڵامم دەداتەوە؟

– وەڵامت دەداتەوە...

## (١٥٩)

﴿فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾

کورتترین ڕستە،

زۆرترین ئومێد...

بەردەوام ئەو نزیکە،

ئەوە ئێمەین دوور دەکەوینەوە!

## (١٦٠)

- زۆر دوورم لە گەیشتن بە خەون و ئامانجەکانم؟

+ نزیکی دەکەینەوە...

- بە چ شتێک؟

+ بە دوعاکردن، بە شەونوێژ.

**(١٦١)**

ئەوە تەنها خودایە،

هەتا زیاتر داوای لێ بکەیت،

زیاتر نزیکت دەکاتەوە و خۆشەویست دەبیت لەلای.

**(١٦٢)**

خەیاڵی ئەوە بکە خودا بەو گەورەییەی خۆیەوە بفەرمووێت:

کێ هەیە داواکارییەکی هەبێت و پێی ببەخشم..

تۆیش لەو دەمەدا خەوتبیت یان بێئاگا بیت لێی...

**(١٦٣)**

ئێمە قەومێکین دوعاکردن دڵنەواییمان دەکات،

لەیادمان مەکەن.

**(١٦٤)**

بەردەوام دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ،

ڕاهاتووی بە گەڕانەوەم،

خودایە لێم خۆش بە.

**(١٦٥)**

یەکێک دەڵێت:

هەرجارێک کە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز لەبەر دەکەم،

خەیاڵی ئەو کاتە دەکەم کە بە هۆیەوە لە بەهەشتدا پێگەم بەرز دەبێتەوە،

خودای گەورە پێم دەڵێت:

بخوێنە و بەرز بەرەوە، وەک چۆن لە دونیادا دەتخوێند...

ئیتر زیاتر تامەزرۆی ئەوە دەبم خەتمی قورئان بکەم و

پشت بە خوا بە هۆیەوە بگەم بە فیردەوسی ئەعلا...

**(١٦٦)**

ئێمە بەبێ خودا هیچ نین...

## (١٦٧)

ئەو ڕۆژەی کە پێی وتم: خۆشم دەوێیت،

وتی: بەڕاستگۆیانە تۆم خۆش دەوێت،

هەر بۆیە خۆشەویستییەکەم دەسپێرم بە خودا،

گەر خێری تێدا بێت تۆ دەهێنێتە ڕێم و دەتکات بە حەڵاڵم.... ئیتر ڕۆیشت!

- ئیمڕۆ و دوای بیست ساڵ،

گوێم لێ بوو بە کچەکەمانی دەوت:

کچی خۆم، وا گەورە بوویت، دەزانیت خۆشەویستی چییە؟

لە ناختدا پارچە گۆشتێک هەیە کە ناتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت و زاڵ بێت بەسەریدا، بەڵام ئەگەر شتێکی ئاوا ڕووی دا و خۆشەوسیتییەکی پاک زاڵ بوو بەسەر دڵتدا، بیسپێرە بە خودا، چوونکە گەر خێری تێدا بێت، هەرچۆنێک بێت خودا دەیهێنێتە ڕێت و دەیکات بەنسیبت!

**(١٦٨)**

»بە ئارامی و ملکەچییەوە نوێژ بکە،

چوونکە هەموو ئەو شتانەی چاوەڕێی دەکەیت،

بەهاکەی لە نوێژ کەمترە.»

**(١٦٩)**

خەم و خەفەتەکانت بە قورئان بڕەوێنەوە،

نەک بە مۆسیقا و گۆرانی،

چوونکە ئەوە خودایە دەتهێنێتە گریان و پێکەنین.

﴿وَأَنَّهُۥ هُوَ أَضۡحَكَ وَأَبۡكَىٰ﴾

هەر خودا بەندەکانی دەخاتە گریان و پێکەنین...

**(١٧٠)**

ئەگەر داوات لە خودا کرد

ئاسوودەیی و ئارامیت پێ ببەخشێت،

بەلاتەوە سەیر نەبێت هەندێ کەس لە ژیانت دوور بکەونەوە.

**(١٧١)**

چاوەڕێی ئەو کاتە بە،

کە بە دەنگێکی تێکەڵ لە گریان و پێکەنین، دەڵێیت:

خودا وەڵامی نزاکانمی دایەوە و بێئومێدی نەکردم.

## (١٧٢)

بۆ هەموو ئەوانەی ناویان نەهێنرا،

ئەوانەی هیچ پێگەیەکیان پێ نەبەخشرا،

بانگهێشتی خەڵاتی ڕێزلێنان نەکران و

تیشک نەخرایە سەریان،

ئەوانەی پشتیوانی هەمووانن و کەس پشتیوانیان نییە،

دڵنیا بن خودا باش ئێوە دەناسێت و ئاگای لێتانە.

## (١٧٣)

«دڵخۆشی بۆ ئەو کچەی،

کوڕێک لە سوجدەدا ناوی دەهێنێت.»

## (١٧٤)

هەوڵ بدە  زۆرترین جار سورەتی بەقەرە بخوێنیتەوە،

چوونکە باشترین و مەزنترین چارەسەرە

بۆ کێشە دەروونی و جەستەییەکانت،

خوێندنی بەرەکەتە،

وازهێنان لێی حەسرەت و پەشیمانییە...

پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموویێت:

شەیتان لەو ماڵە ڕادەکات،

کە سورەتی بەقەرەی تێدا دەخوێنرێت...

## (١٧٥)

هیچ شتێک ناگات بەو ساتەی کە پێش مردنت فریشتەکان مژدەت پێ بدەن و ئارامت بکەنەوە، یان فریشتەی گیانکێشان لە جوانترین وێنەدا ببینیت، یان لەنێو گۆڕەکەتدا ڕات بکشێنن، گوێت لە دەنگێک ببێت و بڵێت:

گۆڕەکەی بکەنە باخێک لە باخەکانی بەهەشت.

هیچ شتێک ناگات بەو ساتەی کە زیندوو ببیتەوە و ببینیت فریشتەیەک چاوەڕێتە و دەڵێت: ئەی دۆستی خودا، مەترسە و خەمبار مەبە...

هیچ شتێک ناگات بەو ساتەی لەلای پردی سیراط بوەستیت و دواتر بەخێرایی تێی پەڕێنیت، یان پێغەمبەری خودا لە دوورەوە ببینیت و باش بتناسێتەوە، یان قورئان شەفاعەتت بۆ بکات و بڵێ: خەوم لە چاوەکانی حەرام کرد، شەفاعەتەکەم قبوڵ بفەرموو.

هیچ شتێک ناگات بەو ساتەی ئەندامەکانت شایەتیی باشەت بۆ بدەن، یان نامەی کردەوەکانت بە دەستی ڕاست وەر بگریت و بڵێی وەرن بیخوێننەوە...

هیچ شتێک ناگات بەو ساتەی کە خودا ببینیت، گوێت لێی ببێت...

خودایە، لەم هەست و ڕووداوانە بێبەشمان مەکە.

## (١٧٦)

پەنا دەگرم بە خودا،

لەوەی لێی دوور بکەومەوە،

لەدوای ئەوەی لێی نزیک بووم.

لەوەی شوێنی سوجدەکەم تامەزرۆم بێت و

منی دەست نەکەوێت.

لەوەی قورئانەکەم تۆزی لەسەر بنیشێت،

لەدوای ئەوەی بەجوانی بۆنی پەنجەکانمی گرتبوو.

لەوەی دەستم بگرمەوە،

لەدوای ئەوەی زۆر خێرم پێی دەکرد.

لەوەی ڕۆژێک بەسەرمدا تێپەڕێت و

دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاوم نەکردبێت.

**ئەدهەم شەرقاوی**

**(١٧٧)**

ڕەحمەتی خودا لەو کەسەی،

کە پێی وترا ئەم شتە حەرامە،

ئەویش وازی لە شتەکە هێنا و

لە فەرمانەکانی خودادا موناقەشەی نەکرد...

**(١٧٨)**

قورئان دەتکات بە کەسێکی جیاواز، تەواو جیاواز،

مەحاڵە کات و هەوڵەکانت بدەیت بە قورئان و

کاریگەریی نەبێت لەسەرت،

مەحاڵە خووە خراپەکانت نەگۆڕێت،

مەحاڵە هەست بە بەرەکەتەکەی نەکەیت.

تەنانەت لەو دەمەی نارەحەتی و سەختی دێتە ڕێت،

دەبینیت ڕازیبوون و ئارامی هەموو بوونت داگیر دەکات،

دڵنیاییەک دادەبارێتە سەرت وەک ئەوە وایە هیچ ڕووی نەدابێت!

**(١٧٩)**

که ڕۆژمان دەکردەوە،

ئەو شتانە دەهاتە ڕێمان کە شەو لە پێناویدا سوجدەمان بردبوو.

**(١٨٠)**

لە ڕووی دەروونییەوە:

بۆ ئەوەی بەئارامی بخەویت،

پێش خەوتن بیخە سەر سورەتی بەقەرە،

بە دەنگی ئەو قورئانخوێنەی کە حەزت لە دەنگیەتی،

پاشان چاوەکانت دابخە و بخەوە...

## (١٨١)

جوانترین وتە کە لە بارەی شەونوێژەوە وتراوە:

- ئەو ماڵەی شەونوێژی تێدا ئەنجام دەدرێت، ڕووناکییەکی لێوە دەر دەچێت ئەهلی ئاسمان دەیبینن، وەک چۆن تەماشای ئاسمان دەکەین بۆ ئەوەی ڕووناکیی ئەستێرەکان ببینین؛ فریشتەکان تەماشای زەوی دەکەن بۆ ئەوەی ڕووناکیی ئەو ماڵانە ببینن کە شەونوێژی تێدا ئەنجام دەدرێت.

-ئەوەی جێی سەرسووڕمانە فریشتەکان خوو دەگرن بە تەماشاکردنی ڕووناکیی ماڵەکەتەوە، گەر شەوێک شەونوێژی تێدا ئەنجام نەدەیت، ئەوان هەواڵت دەپرسن، چوونکە ماڵەکەت تاریک بووە، کۆمەڵێکی تر عوزرەکەتیان پێ دەڵێن، فریشتەکانیش بەپێی پێویستییەکەت دوعات بۆ دەکەن،

چوونکە تامەزۆی ئەوەن،

ڕووناکیی ماڵەکەت ببینن کە بە هۆی شەونوێژەوەیە...

## (١٨٢)

ڕەحمەتی خودا لەو کچەی گوێی لە فەرمانی خودا بوو،

کە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾

واتە: جوانی خۆیان دەر نەخەن...

- گوێڕایەڵیی کرد.

## (١٨٣)

خەیاڵی ئەو دەمە بکە لە شیوی ئەبو تالیبدا گەمارۆ درابوو،

ئەو دەمەی لە طائیف بەردباران کرا و

چوونەناو مەککەی لێ قەدەغە کرا،

ئەو دەمەی پیلانی کوشتنی دانرا،

ئەو دەمەی لە ئوحود خوێن لە ڕوخساری دەتکا،

ئەو دەمەی مامی شەهید کرا...

چەندێ ماندوو بووە(ﷺ) بۆ ئەوەی ئەم دینە بگات بە ئێمە.

**(١٨٤)**

«وێڵ و سەرگەردانیت،

هەتا ئەو دەمەی دەست بە نوێژ دەکەیت.»

**(١٨٥)**

تاقیکردنەوەی خوێندکارەکانی بوو،

وتی ڕۆڵە گیان. ئەم ئایەتەم بۆ تەواو بکە:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ﴾

واتە: ئەی ئینسان! چی وای لێ کردوویت

کە سەرکەش بیت بەرامبەر پەروەردگاری میهرەبان و بەڕێزت؟!

- خوێندکارەکە هەندێک وەستا و بیری کردەوە،

دواتر دەستی کردە گریان و مامۆستاکەیش گریا...

**(١٨٦)**

گیرۆدەی تاوانێک بووبووم، خودا لەسەر ئەو تاوانە ئابڕووی نەبردم، هەردەمێک ئەو تاوانەم ئەنجام دەدا، دەچووم بەنهێنی دوو ڕکات نوێژم دەکرد، هەندێک لە خێزانەکەم دەیانبینیم، بەنهێنی تاوان و تەوبەم دەکرد، بەڵام خودا تاوانەکەی دەپۆشیم و تەوبەکەی دەر دەخستم، لەدوای ئەوە خەڵکی بە باشە باسیان دەکردم...

جارێک وتم: پاک و بێگەردی بۆ ئەو زاتە، چەندێ میهرەبانە، بە پۆشینەکەی بانگەوازم دەکات، بڕیارم دا خۆم چاک بکەم و تەوبەی یەکجاری بکەم، خودا لەمەیشدا هاوکارم بوو، هیدایەتی دەدام بۆ پەشیمانبوونەوە، بۆ هەڵەکانم دەگریام، یەقینم وایە ڕێگام بۆ ئاسان دەکات بۆ ئەوەی لێم خۆش ببێت،

ئومێدم وایە...

**(١٨٧)**

کەسێک دەڵێت:

دەمویست قورئان لەبەر بکەم و تەمبەڵیم تێدا دەکرد،

شەوێک هەستام و شەونوێژم کرد،

دواتر دوعام کرد و وتم:

خودایە، قورئانەکەت لە سینەمدا کۆ بکەرەوە.

لە ماوەیەکی زۆر کەمدا حەوت جوزئم لەبەر کرد.

**(١٨٨)**

»لە هەموو کارەکانتدا،

با نیەتت وا بێت کە حەق دەر بکەوێت و بناسرێت،

نەک خۆت دەر بکەویت و بناسرێیت.«

**(١٨٩)**

با لە ئاسماندا دەنگت ناسراو بێت،

بەندەیەک بە کە دوعات کرد فریشتەکان بتناسنەوە،

بڵێیت: پەروەردگارا...

بفەرموون: دەنگێکی ناسراو،

لەلایەن بەندەیەکی ناسراوەوە.

**ئیبن قەییم**

**(١٩٠)**

بیسەری دەنگێک دەبن،

دەنگەکە دەنگی خودایە و دەفەرمووێت:

ئەی ئەهلی بەهەشت سڵاوتان لێ بێت.

خودایە بمانگەیەنیت بە حاڵی ئەوانە.

## (١٩١)

دوای چەند ساڵێک لە وەفاتی پێغەمبەری خودا(ﷺ)،
بیلال بانگی دا، کە گەیشتە **«أشهدُ أنَّ مُحمّدًا رسولُ الله»**،
دەستی کردە گریان،
هەموو خەڵکی مەدینە لەگەڵیدا دەستیان کردە گریان!

## (١٩٢)

ئیمامی زەهەبی هەندێ لەو شتانە باس دەکات کە
پێغەمبەری خودا(ﷺ) خۆشی ویستووە، دەفەرموویێت:
پێغەمبەری خودا(ﷺ) عائیشە و باوکی خۆش دەویست،
ئوسامەی خۆش دەویست،
دوو کچەزاکەی خۆش دەویست،
ئوحودی خۆش دەویست،
نیشتمانەکەی خۆش دەویست،
ئەنساری خۆش دەویست.

**سيَر أعلامِ النُّبَلاء ١٥/٣٩٤**

**(١٩٣)**

لەگەڵ هەر وتنێکی: ﴿**سُبحَان الله وَ بحمده**﴾

دارخورمایەکت بۆ هەیە لە بەهەشتدا.

ئەو زیکرە زۆر دووبارە بکەنەوە...

**(١٩٤)**

بەڵا و نارەحەتییەکانیش وەک مرۆڤەکان تەمەنێکی دیاریکراویان هەیە،

بێگومان دەمێک دێت کۆتاییان پێ دێت!

**ئین قەییم**

**(١٩٥)**

هەندێ کەس شەونوێژ لەلایان،

بۆتە فەرزی شەشەم،

خودایە بمانگەیەنە بە حاڵی ئەو کەسانە...

**(١٩٦)**

خودا لە هەموو ساتێکدا بەسۆزە بۆت،

ئەوە تۆی کە ئاگات لێی نییە.

**شـــەعـراوی**

**(١٩٧)**

«خودا هەندێ کەسی لە ژیانت سڕییەوە،

چوونکە بیسەری هەندێ قسە بووە، کە تۆ گوێت لێ نەبووە.»

**(١٩٨)**

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەفەرمووێت:

پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی وتم:

ئەی عەبدوڵڵا، وەک فلانە کەس مەبە کە شەونوێژی دەکرد،

دواتر وازی لێ هێنا.

## (١٩٩)

بمبەن بۆ لای پێغەمبەری خودا (ﷺ)

﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ جَآءُوكَ﴾

واتە: ئەگەر ئەوان کاتێ ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد، بهاتنایە بۆ لات...

یەکێکیان کە تاوانێکی ئەنجام دەدا،

یان دڵتەنگ دەبوو،

یان دونیای لە بەردەم تەنگ دەبوویەوە.

دەیوت:

بمبەن بۆ لای پێغەمبەری خودا (ﷺ)»

## (٢٠٠)

»پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێکەنی،

دواتر دەستی خستە سەر سینەم،

دڵم ئارام بوو.»

**فوزاڵەی کوڕی عومەیر**

**(٢٠١)**

هەرکەسێک ئالوودەی تاوانێک بووبوو،

نەیدەتوانی وازی لێ بهێنێت،

ئەوا با شەونوێژ بکات.

یەکێک دەڵێت:

تووشی تاوانێک بووبووم و نەمدەزانی چۆن وازی لێ بهێنم،

هەتا دەستم کرد بە شەونوێژ،

دوای ماوەیەک وازم لە تاوانەکە هێنا...

ئاممان واز لە شەونوێژ نەهێنیت،

گەرچی لە عیبادەتەکانی تریشدا لاواز بوویت...

**(٢٠٢)**

«گەر باسی خراپەی کەسێکیان بۆ کردیت،

بڵێ: خوا لە ئێمە و ئەویش خۆش بێت.

هیچی تر مەڵێ.»

**(٢٠٣)**

لە ڕۆژی قیامەتدا خودا ئەو نیعمەتانە دەژمێرێت

کە بە یەکێک لە بەندەکانی بەخشیوە، دەفەرمووێت:

ئەی فلانە کەسم نەکرد بە هاوسەرت؟

چەندین کەس چوونە داخوازیی،

ڕێگریمان لێی کرد و کردمان بە هاوسەری تۆ.

خەیاڵی ئەوە بکە خودا هاوسەری ژیانتی بۆ هەڵبژاردبێتی...

★ أخرجه ابن حبان في صحيحه، و صححه الألباني.

## (٢٠٤)

- ئەی ڕەبیعە داوای شتێکم لێ بکە.

- دەمەوێت لە بەهەشتدا هاوڕێت بم.

- هیچ داوایەکی ترت نییە؟

- نەخێر ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)،

تەنها ئەوەم دەوێت لە بەهەشتدا هاوڕێی تۆ بم.

## (٢٠٥)

پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە ئوبەی فەرموو:

خودا فەرمانی پێ کردووم قورئانت بۆ بخوێنم!

ئوبەی وتی: خودا ناوی منی هێنا؟

فەرمووی: بەڵێ، ناوی هێنایت!

ئوبەی فرمێسک لە چاوەکانی هات و دەستی کردە گریان.

**(٢٠٦)**

**«اللهُم الثلاثُون قبل الثلاثِين.»**

خودایە، پێش ئەوەی بگەمە سیساڵی، سی جوزئەکە لەبەر بکەم.

**(٢٠٧)**

یەکێک لە سزاکانی تاوان ئەوەیە،

خودا سەرکەوتووت نەکات بۆ کاری خێر،

شەو هەتا درەنگ بێدار بیت و زیکرێکیش نەکەیت،

دوو ڕکات شەونوێژ نەکەیت، بێدارییەکەت بێسوود بێت،

لەسەر ئەو تاوانەیش بخەویت و

کاتێک هەستیت نوێژی بەیانی نەمابێت.

ئێستا تەوبە بکە، ئێستا...

**(٢٠٨)**

دایکێک هات و دوو کچە بچووکەکەی هەڵگرتبوو،

عائیشە سێ خورمای پێ دا،

یەکی خورمایەکی پێ دان،

دایکەکە ویستی خورماکەی تر بخوات،

دوو کچەکەی داوایان لێی کرد،

ئەویش کردی بە دوو بەشەوە و پێی دان و

خۆی هیچی نەخوارد...

کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) هاتەوە، چیرۆکەکەی بۆ باس کرد،

ئەویش فەرمووی: بەهەشتی بۆ واجب بوو، لە ئاگر ڕزگاری بوو.

**(٢٠٩)**

ڕۆیشتم و هەتا لە بەردەم پێغەمبەری خودادا(ﷺ) دانیشتم،

بەگلەییەوە پێی وتم:

کەعب، بۆچی دوا کەوتیت؟

وتم: ئەی پێغەمبەری خودا، هیچ عوزرێکم نییە!

**(٢١٠)**

خودا لێت دەپرسێتەوە:

لەسەر ئەو قسانەی بەدرۆ وتت و بەرامبەر بە ڕاستی زانیت.

لەسەر ئەو بەڵێنانەی کە لە نیوەی ڕێگا شکاندت.

لەسەر ئەو دڵانەی دەترسن تێکەڵی خەڵکی ببن،

چوونکە تۆ شکاندت و بێهیوات کرد.

لەسەر ئەو کەسەی چەندین شەو بوویتە هۆی گریانی.

لەسەر ئەو ڕوحەی ڕۆشنت کرد بە خۆشەویستی و

دواتر بە خەم و خەفەتەوە خامۆشت کرد و

خۆت بەدوور گرت لێی.

لەسەر ئەو کەسەی کە وات لێ کردووە ماوەماوە بوەستێت و

ئەوەی بە بیردا بێت: کە بەس نەبووە بۆ تۆ،

هەر بۆیە دەستت بەر داوە و جێت هێشتووە.

ئامان لەو جۆرە کەسانە نەبیت،

کە برینێک لە دڵی کەسێکدا جێ دەهێڵێت و

گوێی پێ نادات،

گومانی وایە کە زەمانە برینەکەی لەبیر دەباتەوە.

**(٢١١)**

دوای دە ساڵ لە پێغەمبەرایەتی،

ڕووداوی ئیسرا و میعراج ڕووی دا....

خودا خۆی دەزانێت چ ساتێک کاتی کەمکرنەوەی ئازارەکانت و لابردنی ناڕەحەتییەکانت و دەرووڵێکردنەوەتە.

بەردەوام بە لە بەخشین و بڵاوکردنەوەی چاکە،

هەتا کاتی ئیسرا و میعراجەکەت دێت.

**(٢١٢)**

هەریەکێک لە ئێمە ئیسرا و میعراجی خۆی هەیە،

ئەو دەمەی دڵتەنگ و ناڕەحەت دەبێت،

سەر بوراقی ڕوحی دەکەوێت و

دەچێت بۆ ئەو مزگەوتەی خۆشی دەوێت،

یان ئەو شوێنەی پەرستشی تێدا دەکات،

لێرەوە دڵی بەرز دەبێتەوە بۆ لای پەروەردگاری و ڕەحمی پێ دەکات.

**(٢١٣)**

+ بۆچی شەوانە خەبەرم نابێتەوە بۆ شەونوێژ؟

- بە ڕۆژ گوێڕایەڵیی خودا بکە، شەو خەبەرت دەکاتەوە.

**(٢١٤)**

وەک پێویست پەرستشت ناکەم،

بەڵام وەڵڵاهی هەوڵ دەدەم.

**(٢١٥)**

ستەم و هەڵە بەرامبەر کەس مەکە،

دڵی کەس مەشێکنە،

هەردەمێک ناوی تۆ بهێنرێت، بڵێت:

«حسبي الله ونعم الوكيل.»

**(٢١٦)**

منیش وەک تۆ

بەدوای خۆشەویستیدا دەگەڕێم

بەڵام لە ئاسماندا...

**سەلمان عۆدە**

**(٢١٧)**

هێندە وابەستە بووبوون بە نوێژەوە،

بەبێ مەبەست دەستنوێژیان دەگرت.

خودایە بمانگەیەنە بە حاڵی ئەوانە.

**(٢١٨)**

به خەڵکی مەڵێ ئەوەندە قورئانم لەبەر کردووە،

لە خەتمەکەمدا گەیشتووم بە فڵانە شوێن،

لێگەڕێ کاریگەریی قورئانت تێدا ببینن:

هەژارێک تێر بکە،

ڕەحم بە بێباوکێک بکە،

لە کەسێک ببورە،

نەزانێک فێر بکە،

لەگەڵ دایک و باوکت باش بە،

سەردانی خزمەکانت بکە،

لەگەڵ هەمووان ڕووبەخەندە بە...

عیبرەت بەوە نییە لە قورئاندا گەیشتووی بە کوێ،

گرنگ ئەوەیە قورئان گەیشتووە بە کوێت!

**ئەدهەم شەرقاوی**

## (٢١٩)

گەر لێیان پرسیت: چۆن تێت پەڕاند؟

بڵێ: ڕازی بووم، خودایش ڕازیی کردم.

## (٢٢٠)

ئەو دەمەی دەچووە خزمەتی قورئان،

دەگریا و دەیوت:

دونیا زۆر سەرقاڵی کردووم، بەڵام ئەوا هاتمە خزمەتت.

## (٢٢١)

پۆشینی خودا بۆ بەندەکەی چەندین جۆرە،

ئەو دەمەی نەخۆشیت و لەسەر پێیەکانت ڕێ دەکەیت،

ئەمە پۆشینە لە زەلیلبوونی نەخۆشی.

ئەو دەمەی داهاتەکەت بەشی بژێوییەکەت دەکات و

بەتێری دەخەویت،

ئەمە پۆشینە لە زەلیلبوونی برسێتی.

ئەو دەمەی خەمباریت و دەتوانیت پێبکەنیت،

ئەمە پۆشینە لە زەلیلبوونی شکان و خەجاڵەتی...

ئەو دەمەی پیشەیەک دەزانیت و

لە دەستپانکردنەوە دەتپارێزێت،

ئەمە پۆشینە لە زەلیلبوونی پێویستبوون بە خەڵکی.

پۆشینی خودا بۆ بەندەکەی بەبەهاترین پۆشاکە.

## (٢٢٢)

کەسێک دەڵێت:

بەسوعبەتەوە بە هاورێیەکم وت:

٢٣ سەعاتی تەواو خەوتم!

بەسەرسوورمانەوە وتی:

ئەی نانخواردن؟!

دواتر هەمان شتم بە هاورێیەکی ترم وت،

وەک گلەییەک وتی:

ئەی نوێژەکانت؟

- بنیادەم لەسەر ئایینی هاورێکەیەتی!

## (٢٢٣)

(تەنها ئەوابەکان پارێزگاری لە نوێژی چێشتەنگاو دەکەن...)

– ئەواب: ئەو کەسەیە زۆر دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا.

* کەسێک دەڵێت:

وەڵاهی لە کاتی نوێژی چێشتەنگاودا داوای هەرچییەکم لە خودا کردبێت،

پێی بەخشیوم.

* بۆ ئەوەی ڕۆژێکی پڕ خۆشی و ئارامی بەڕێ بکەیت،

ڕۆژەکەت پڕبەرەکەت بێت،

ئەوا دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو بکە...

* ئای نوێژی چێشتەنگاو چۆن دڵ ئاسوودە دەکات،

ئەگەر توانام هەبووایە، فەرمانم دەکرد هەموو کەسێک ئەنجامی بدات،

چوونکە دەزانم چ ئاسوودەییەک بوونی داگیر دەکات،

بۆ ئەوەی ئەو چێژە بچەژێت و ڕوحی تێراو بکات...

## (٢٢٤)

«ڕۆژێک دێت هەموو قورئان لەبەر دەکەیت،

وەک چۆن سورەتی فاتیحەت لەبەرە».

هەموو ناسناوەکان ئاسایین،

هەتا ئەو دەمەی پێت دەوترێت (حافزی قورئانە).

## (٢٢٥)

- سووربوونت لەسەر ئەوەی شەوان دەرگاکە بەهێواشی دابخەیت، هەتا خەوتووەکان بەخەبەر نەیەن، کردەوەیەکی چاکەیە.

- خواردنێک دەبینیت سەری دانەپۆشراوە، تۆیش دای دەپۆشیت، کردەوەیەکی چاکەیە.

- گوێگرتن لە خەڵکی، گەرچی قسەکانیان بێزارکەریش بێت، لەبەر ئەوەی ڕازەکانیان سارێژ بکەیت، کردەوەیەکی چاکەیە.

- زەردەخەنەکردن و جوان وەڵامدانەوە، کردەوەیەکی چاکەیە.
- یاریکردنت بۆ منداڵ، کردەوەیەکی چاکەیە.
- میوانداریکردنی خزمان و دۆستانت، کردەوەیەکی چاکەیە.

- قسەکردن لەگەڵ ئازیزانت و پرسیارکردن لە ئەحواڵیان و هاوکاریکردن و یارمەتیدانیان، کردەوەیەکی چاکەیە.
- کە خاشاک فڕێ نادەیتە سەر زەوی و بە دەستتەوە دەبێت هەتا نزیکترین سەللەی خۆڵ، ئەمەیش کردەوەیەکی چاکەیە.

- بڵاوكردنەوەی قورئان و فەرمووده لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاتدا، كردەوەیەكی چاكەیە.

- دەستت نەناوە بە ڕووی كەسدا و شتێكت هەر پێ داوە و خزمەتێكت كردووە، ئەمەیش كردەوەیەكی چاكەیە.

- عەیبوعاری خەڵكیت پۆشیوە، كردەوەیەكی چاكەیە.

- دوعات بۆ مردووەكانت كردووە، كردەوەیەكی چاكەیە.

ئازیز، دەبینیت چۆن كردەوەی چاكە دەوری داوین، دەتوانین تەرازووی چاكەكانمان قورس بكەین پێی...

## (٢٢٦)

تەنها یەک لاپەڕەم مابوو هەموو قورئان لەبەر بکەم،

کە پێی گەیشتم، تاوێک دەمخوێندەوە و تاوێکیش دەگریام،

کە تەواو بووم و بووم بە حافظ قورئان،

دەستەکانم بەرز کردەوە و دوعام کرد،

ئەوەی خێری دونیا و قیامەتی منی تێدایە داوام کرد،

خودا هەموو ئەو دوعایانەی قبوڵ کردم،

تەنها یەک دوعا نەبێت،

دڵنیام وەڵامی ئەوەیشم دەداتەوە...

نەمدەزانی ڕوو بکەمە کوێ و بە کێ بڵێم؟

بەخێرایی ڕام کرد بۆ لای دایکم و فرمێسک بە چاومدا دەهاتە خوارەوە،

وتم: دایە گیان، تەواو هەموو قورئانم لەبەر کرد،

ئەویش زۆر گریا و وتی: لە ڕۆژی قیامەتدا شەفاعەتم بۆ دەکەیت؟

وتم: ئەگەر بۆ تۆی نەکەم، نایکەم!

وا شەش ساڵە هەرکات ئەو دیمەنە دێتەوە یادم، دەگریم...

لەبەرکردنی هەموو قورئان،

ئاسوودەییەکی تێدایە لە هیچ شتێکی تردا دەستت ناکەوێت...

## (٢٢٧)

﴿فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ قُلْنَا لَا تَخَفْ﴾

واتە: موسا هەستی کرد بە ترسێک لە دڵ و دەروونیدا،

وتمان: مەترسە و دڵنیا بە...

تەنها هەستی بە ترسەکەی کرد،

گوزارشتی لێی نەکرد،

لە دوعاکانیدا نەیوت،

تەنها هەستی پێی کرد،

خودا پێی فەرموو: مەترسە...

خودایە، هەموو ترس و خەمەکانمان بۆ لای تۆ بەرز دەکەینەوە،

کە ناتوانین لە دوعاکانماندا بیڵێین و دەری ببڕین،

ئەو ترسانەی شەرم دەکەین بیڵێین،

خودایە خۆت دڵمان ئارام بکەرەوە،

بە جۆرێک وەڵاممان بدەرەوە کە ترسەکانمان لەبیر بباتەوە...

**(٢٢٨)**

تاقیی بکەرەوە کەمێک پێش بانگی بەیانی نوێژی ویتر بکەیت،

لەسەر بەرماڵەکەت بمێنیتەوە و یادی خودا بکەیت،

دواتر کاتی بانگی بەیانی بێت و

تۆیش لەم دەمەدا زیکر بکەیت و داوای لێخۆشبوون لە خودا بکەیت،

وەڵامی بانگەکە بدەیتەوە و دواتر نوێژی بەیانی بکەیت،

دواتر دەست بکەیت بە قورئانخوێندن هەتا کاتی خۆرهەڵاتن،

دەبینیت ڕووت گەش بووە و دڵت زۆر ئارامە،

ڕۆژانە ئەمە دووبارە بکەرەوە و

دواتر بڕوانە چ کاریگەرییەک دەخاتە سەر ژیانت.

(٢٢٩)

لەدوای فەزڵی خوداوە، هۆکاری سەرکەوتنم لە ژیاندا ئەوەیە،

نۆ ساڵ خزمەتی دایکمم کرد

لەو دەمەی نەخۆش بوو هەتا وەفاتی کرد.

**- موحەممەد ڕاتب نابلوسی**

**(٢٣٠)**

* گومانم وا بوو سەرەتا بەندە خودای خۆش دەوێت،

ئینجا خودا خۆشی دەوێت، هەتا گەیشتم بە ئایەتی:

﴿فَسَوْفَ يَأْتِي ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾ (المائدة: ٥٤)

واتە: گەل و کۆمەڵێکی تر دەهێنێ خودا ئەوانی خۆش دەوێت و ئەوانیش خوایان خۆش دەوێت...

ئیتر یەقینم بۆ دروست بوو کە خودا سەرەتا خۆشی دەوێیت.

* گومانم وا بوو سەرەتا بەندە تەوبە دەکات دواتر خودا لێی وەر دەگریت، هەتا گەیشتم بە ئایەتی: ﴿ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوٓاْ﴾ (التوبة: ١١٨)

واتە: پاشان تەوبەی لێ وەر گرتن، تا تەوبە بکەن...

یەقینم بۆ دروست بوو کە سەرەتا خودا ئیلهامی تەوبەت پێ دەبەخشێت...

* گومانم وا بوو سەرەتا بەندە لە خودا ڕازی دەبێت،

دواتر خودا لێی ڕازی دەبێت، هەتا گەیشتم بە ئایەتی:

﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ﴾ (التوبة: ١٠٠)

واتە: خودا لەوان ڕازی بووە و ئەوانیش لەو ڕازی بوون...

یەقینم بۆ دروست بوو کە سەرەتا خودا لە بەندە ڕازی دەبێت...

## (٢٣١)

ئیبن قەییم دەفەرمووێت:

«هاوڕێکان پێکەوە دەچنە بەهەشت.»

پەروەردگارا، خۆم و هاوڕێکانم بە بەهەشت شاد بکە...

## (٢٣٢)

عەبدوڵڵای کوڕی ســەلام لە بــارەی هــۆکاری موسڵمــانبوونیەوە دەڵێت:

ڕامام لە ڕوخساری پێغەمبەری خودا(ﷺ)

دڵنیا بووم کە ڕوخساری کەسێکی درۆزن نییە...

## (٢٣٣)

ماموستاکەم پێی وتم:

بۆ ئەوەی ژمارەی ئایەتەکانی قورئان لەیاد نەکەیت،

شەش لای ڕاست و شەش لای چەپ،

ناوەڕاستیش ماوەی بانگەوازی پێغەمبەری خودا(ﷺ)،

٦٢٣٦ ئایەت...

## (٢٣٤)

- كە خودا باسی منداڵبەخشین دەكات،

سەرەتا باسی كچی كردووە، دەفەرموویت:

﴿يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ﴾

واتە: بە هەركەس كە بیەویت تەنها كچ دەبەخشیت و

بە هەركەس كە بیەویت كوڕ دەبەخشیت...

- پێغەمبەری خودا(ﷺ) كە فاتیمەی كچە بچووكی دەبینی،

لەبەری هەڵدەستا و ماچی دەكرد، دەیفەرموو:

فاتیمە پارچەیەكە لە من، ئەوەی ئازاری دەدات ئازارم دەدات،

ئەو شتەی دڵخۆشی دەكات دڵخۆشم دەكات...

- ئیبن عەبدولبەڕی مالیكی دەفەرموویت:

كوڕ نیعمەتە، كچ چاكەیە، خودا لەسەر نیعمەت لێپرسینەوەت لێ دەكات،

لەسەر چاكەیش پاداشتت دەداتەوە...

- خۆشەویست فەرموی:

ڕقتان لە كچان نەبێت، چوونكە خەمڕەوێن و سەنگینن...

**(٢٣٥)**

هەموو ئەو شیعر و شانامانەی بەسەر ئافرەتدا وتراوە،

لە هەموو زمانەکانی جیهاندا،

هیچی ناگات بە وەسفی قورئان:

﴿تَمْشِي عَلَى ٱسْتِحْيَآءٍ﴾

واتە: بە شەرم و حەیاوە دەڕۆیشت بە ڕێگادا...

**(٢٣٦)**

کە دوعات کرد و لە بەردەم خودادا وەستایت،

ڕەوشتی منداڵ بەکار بێنە،

منداڵ داوای شتێک بکات و پێی نەدەیت،

دەگری و وڕک دەگرێت هەتا پێی دەدەی...

**ئیبن جەوزی**

**(٢٣٧)**

تیشکی خۆر ناگات بەناو گۆڕەکەت،

هەر بۆیە لە ئێستاوە بە کردەوەی باش ڕۆشنی بکەرەوە..

**(٢٣٨)**

سەختترین وتە کە لە کاتی ماڵئاواییدا وتراوە،

وتەی پێغەمبەری خودایە(ﷺ) کە بە هاوەڵانی فەرموو:

لەوەیە ساڵێکی تر نەگەمەوە پێتان...

**(٢٣٩)**

گەر دەتەوێت بەڵا و نارەحەتییەکانی ئێستات نەمێنێت،

واز لەو تاوان و گوناحانە بێنە کە ئێستا ئەنجامی دەدەیت...

**ئیبن جەوزی**

**(٢٤٠)**

هیچ ئاوێک نییە پۆشاکی دڵ لە شوێنەواری تاوان پاک بکاتەوە،

فرمێسکی پەشیمانی نەبێت...

**ئیبن جەوزی**

**(٢٤١)**

قورئان لە سینەتدا ناچەسپێت و

لەبەرکردن و تێگەیشتنی ئاسان نابێت،

ئیللا بە شەونوێژ نەبێت.

**شەنقیطی**

**(٢٤٢)**

پیاوێک لە حەسەنی بەسریی پرسی:

لەشساغم و حەزیشم لە شەونوێژە،

بەدەستنوێژە دەخەوم، بەڵام بۆچی خەبەرم نابێتەوە؟

فەرمووی: تاوانەکانت کۆتیان کردوویت...

**(٢٤٣)**

موحەممەدی کوڕی یوسف دەفەرموویێت:

سوفیانی سەوری هەڵی دەساندین بۆ شەونوێژ و

دەیفەرموو:

گەنجەکان هەستن، هەتا گەنجن شەونوێژ بکەن،

ئێستا شەونوێژ نەکەن، کەی دەیکەن؟

## (٣٤٤)

﴿تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمۡ عَنِ ٱلۡمَضَاجِعِ﴾ (السجدة: ١٦)

واتە: ئەو ئیماندارانە نێوانیان خۆش نییە لەگەڵ ڕاکشان لە جێگە و ڕێگەی گەرم و نەرمدا (واتە بە نوێژ و خواپەرستی بەشێکی شەو دەبەنە سەر)...

جێگەی خۆش و خەوی بەچێژ جێ دەهێڵن،

بۆ شتێک کە زۆر لەوانە بەچێژترە،

کە ئەویش شەونوێژ و موناجاتکردنە لەگەڵ خودادا.

لە شەونوێژدا،

ئیسراحەتی جەستە جێ دەهێڵیت،

بۆ ئیسراحەتی دڵت...

## (٢٤٥)

له نوێژه فەرزەکاندا بانگدەرەکە مرۆڤە،

بەڵام له شەونوێژدا خودا خۆی بانگت دەکات،

له سێیەکی شەودا دەفەرمووێت:

- کەسێک هەیە تەوبە بکات و تەوبەکەی لێ وەر بگرم...
- کەسێک هەیە داوای لێخۆشبوون بکات و لێی خۆش ببم...
- کەسێک پێویستیی هەیە و بۆی بەجێ بهێنم...

## (٢٤٥)

کەسێک ئیفلیج بووبوو،

لێی پرسیم: شەوان چۆن دەستنوێژ بگرم،

چوونکە حەز ناکەم کەس له خەو هەستێنم؟!

هەستم بە خەجاڵەتی کرد و

زانیم ئەوەی هەڵت دەسێنێت بۆ شەونوێژ، دڵە،

نەخۆشی نەخۆشیی دڵـە، نەک جەستە!

**(٢٤٦)**

﴿إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ﴾

واتە: پەروەردگارم زۆر نزیکە و نزاوەرگرە.

چەندێ شتەکان بە دوور و مەحاڵ بزانیت،

ئەو زاتەی شتەکانی بەدەستە نزیکە لێتەوە و

وەڵامی داواکانت دەداتەوە.

**(٢٤٧)**

بە ئەندازەی داوای لێخۆشبوون کردنت لە خودا،

لە خوداوە نزیکیت.

**(٢٤٨)**

ئەو دەمەی هەڵە بەرامبەر کەسێک دەکەین،

مەودا دەخاتە نێوانمان.

بەڵام لەگەڵ خودا،

ئەو دەمەی تەوبە دەکەیت، خودا نزیکە و تەوبەکەت لێ وەر دەگرێت.

﴿ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِۚ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٞ مُّجِيبٞ﴾

واتە: بگەڕێنەوە بۆ لای، پەروەردگارم زۆر نزیکە و نزاوەرگرە.

**(٢٤٩)**

خوێندنی (آية الكرسي) لەدوای نوێژە فەرزەکان،

یەکێکە لە هۆکارەکانی چوونەبەهەشت.

**(٢٥٠)**

ئەو شتانەی ژیانت بەرەو باشتر دەبەن:

**١.** خوێندنی سورەتی فاتیحە.

**٢.** خوێندنی زیکری بەیانییان و ئێواران.

**٣.** خوێندنی سورەتی بەقەرە.

**٤.** شەونوێژ.

**٥.** وتنی: (**لاحول و لاقوة إلا بالله**)

**٦.** ئەنجامدانی نوێژی ویتر.

**٧.** ئەنجامدانی نوێژی چێشتەنگاو.

**٨.** خێرکردن.

**٩.** چاکبوون لەگەڵ دایک و باوک...

**(٢٥١)**

»لەچاوی مندا جوانتر دەبیت،

ئەو دەمەی دەتبینم

زیاتر لەخودا نزیک دەبیتەوە»

**(٢٥٢)**

«لە درەنگانێکی شەودا،

هەموو خەمەکانت بە سوجدەیەک لە یاد بکە،

شەونوێژ باشترین دەرمانە بۆ دڵە ماندووەکەمان»

## (٢٥٣)

یەکێک لە گەنجەکان دەڵێت:

ڕۆژێک من و هاوڕێکەم تەماشای جانتای یەکتریمان دەکرد،

تەماشای جانتاکەیم کرد پڕبوو لە وەرەقەی بچووک،

وتە و شتی بەسوودی لێ نووسرابوو،

سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەوانەبووم و لەناکاودا چاوم چووە سەر کاغەزێک

و شۆکبووم، وتم ئەمە چییە؟!

بەشداریکردنبوون لە چاودێریکردنی منداڵێکی بێ باوک...

وتی: چاودێرکردنی نازداریێکە!

وتم: بۆچی بەناوی منەوە؟!

وتی: ئەوە دووساڵە بەناوی تۆوە کەفیلی یەکێکم کردووە!

وتم: بۆچی؟!

وتی: دەترسم بچیتە ئاگرەوە...

* هاوڕێی باش یەکێک لە جوانترین ڕۆزییەکان.

## (٢٥٤)

هەر دەمێک دڵتەنگ و بێتاقەت دەبم،
گوێ لە سوورەتی مەریەم دەگرم،
هەر لەیەکەم ئایەتەوە ئارامی دادەبەزێتە سەر دەروونت
﴿كٓهيعٓصٓ﴾

دواتر ئایەت بە ئایەت ئارامتر و دڵخۆشتر دەبیت...

﴿إِنَّا نُبَشِّرُكَ﴾ (مژدەت پێ دەدەین)
﴿ أَلَّا تَحۡزَنِي﴾ (خەفەت مەخۆ و خەمبار مەبە)
﴿هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٞ﴾ (کارەکە لەلای پەروەردگات ئاسانە)
﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيّٗا﴾ (پەروەردگارت هیچ شتێک فەرامۆش ناکات)

﴿إِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾

(خوا هەرکاتێ بیەوێ کارێک ببێت، تەنها پێی دەڵێ ببە یەکسەر دەبێت.)

مەحاڵە سوورەتی مەریەم بخوێنیت و

هەستی نەرێنیت بمێنێت،

گەر قورئان نەبوایە تیا دەچووین...

## (٢٥٥)

ئەی ئەبو زەڕ،

گەنجینەیەک لە گەنجینەکانی بەهەشتت پێ بڵێم؟

وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوداﷺ...

فەرمووی: ﴿لا حولَ ولا قُوَّةَ إِلَّا بِاللّٰهِ﴾

## (٢٥٦)

عائیشە دەفەرموێت:

کە پێغەمبەری خوداﷺ نەخۆشییەکەی لەسەر قورسبوو،

بیلال هات و وتی کاتی نوێژ هاتووە.

فەرمووی: فەرمان بکەن بە ئەبوبەکر نوێژ بۆ خەڵکی بکات،

وتم: ئەی پێغەمبەری خوداﷺ،

ئەبوبەکر پیاوێکی دڵناسکە،

کە قورئان دەخوێنێت خۆی پێ ناگیرێت و دەگری...

## (٢٥٧)

یەکێک لە دایکەکان دەڵێت:

ئەو دەمەی دەچوومە ژووری منداڵەکانم،

هەتا دڵنیابم کە خەوتوونە و جوان خۆیان داپۆشیوە،

زۆربەی جار دەمبینی کوڕەکەم لەسەر زەوی خەوتوە و

بەتانیەکەی داوە بەخۆیدا،

چەند جارێک لێم پرسی بۆ ئاوا دەخەویت؟

وتی: بەسەر دۆشەک و سیسەم نارەحەتم و خەوم لێ ناکەوێت.

قەناعەتم بە قسەکەی نەکرد و زۆرم لێی کرد،

ئەویش وتی:

خەوتن لەسەر سیسەمەکە هێندە ئیسراحەتە،

ناتوانم بۆ نوێژی بەیانی خەبەرم بێتەوە، هەربۆیە لەسەر فەرشەکە دەخەوم،

بۆ ئەوەی زوو زوو خەبەرم بێتەوە و بە ئاسانی نوێژی بەیانی بکەم!

**(٢٥٨)**

قورئان تێکەڵی هەر شتێک ببێت پیرۆزی دەکات،

بگاتە هەر تەنگیەک فراوانی دەکات،

بگاتە هەر تاریکییەک ڕووناکی دەکاتەوە،

بگاتە هەر تەنیاییەک شاندوومانی دەکات...

**(٢٥٩)**

گەر دەتەوێت بەجوانی قورئان لەبەر بکەیت:

کەم کەم لەبەری بکە و زۆر بیلێرەوە،

لەسەر ئەمەیش بەردەوام بە...

أستغفرالله زۆر بکە و تاوان کەم ئەنجام بدە،

هاوڕێیەتی کەسە باشەکان بکە...

**(٢٦٠)**

پێغەمبەری خودا ﷺ میوانێکی هات،

کەسێکی نارده لای خێزانەکانی هەتا بزانێت لەلای کامیان خواردن هەیە،

کەسیان خواردنیان لانەبوو،

پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی:

**(اللَّهمَّ إنِّي أسألُكَ مِن فضلِكَ ورحمتِكَ؛ فإنَّهُ لا يملِكُها إلَّا أنتَ)**

واتە: خودایە داوای فەزڵ و ڕەحمەتەکەت دەکەم،

چونکە تەنها خۆت خاوەنی ئەو دوو شتەیت.

دوای کەمێک بەرخێکی سوورەکراوەیان بە دیاری بۆ هێنا،

فەرموو ئەمە فەزڵی خودابوو،

چاوەڕێی ڕەحمەتەکەی دەکەین...

* دەتوانیت بۆ فراوانبوونی ڕزقت ئەم دوعایە بخوێنیت.

# (٢٦١)

كە بینیم دڵخۆشە،

وتم ئەی پێغەمبەری خوداﷺ دوعام بۆ بکە.

فەرمووی: (اللهمَّ اغفرْ لعائشةَ ما تقدَّم من ذنبِها وما تأخرَ وما أسرَّت وما أعلنت)

واتە: خودایە لەتاوانەکانی عائیشە خۆشبە، لەوەی پێشی خستووە و لەوەیشی دەیکات، لەوەی بەنهێنی کردویەتی و لەوەی ئاشکرای کردووە...

زۆر دڵم بە دوعاکە خۆشبوو،

پێغەمبەری خوداﷺ فەرمووی:

دڵت خۆشبوو بە دوعاکەم،

وەڵڵاهی ئەوە دوعای من بۆ ئوممەتەکەم لە هەموو نوێژێکدا.

**(٢٦٢)**

ئەم ڕستەیە:

{السلامُ عليكُم ورحمة الله وبركاتهُ}

- وتنی سوننەتە.
- جێبەجێ کردنی عیبادەتە.
- (٣٠) چاکەت بۆ دەنووسرێت.
- نیشانەی هاوڕێیەتی و خۆشەویستییە.
- ڕاگەیاندنی ئاشتییە.
- سڵاوکردنی پێغەمبەران و ئەهلی بەهەشتە.
-
-

«سازشی لێ مەکە و مەیگۆڕە بە ڕستەی تر.»

## (٢٦٣)

لێی پرسی چۆن ئاوا بە جوانی قورئانت لەبەرکردووە؟

لە وەڵامدا وتی:

- پێش خەوتن ئەوەی لەبەرمکردووە موڕاجەعەی دەکەمەوە،

بەیانیانیش دەست ناکەمە ئیشی ناوماڵ هەتا موڕاجەعەی نەکەمەوە.

- لە نوێژە فەرزەکاندا ئەوە دەخوێنم کە تازە لەبەرم کردووە،

لە نوێژە سوننەتەکاندا لەبەرکردنەکانی پێشو موڕاجەعە دەکەمەوە.

- کە منداڵەکەم دەگری،

چەندێ قورئانم تازە لەبەرکردبێت بەسەریدا دەیخوێنم هەتا دەخەوێت...

- کە ئیشی ناوماڵ دەکەم گوێ لەقورئان دەگرم...

- ئەگەر بێتاقەت بم، دەچم بۆ لای قورئانەکەم،

ئارام و دڵخۆش دەبم...

- ئەو حوکمانەی لە ئایەتەکاندا هەیە هەوڵدەدەم جێبەجێی بکەم،

زوو زوو تەماشەیەکی خۆم دەکەم،

هەتا بزانم قورئان چەندێ کاریگەری خستوەتە سەرم...

## (٢٦٤)

پێشەوا بوخاری لە سەرەتای ژیانیدا بینایی چاوەکانی لەدەستدا، بێ باوکبوو، دایکی چاودێری دەکرد...

دایکی پێشەوا بوخاری ماوەیەکی زۆر شەونوێژی دەکرد،
دوعای دەکرد خودا شیفای بدات و بینایی بۆ چاوەکانی بگەڕێنێتەوە،
ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەم دۆخە ماوەیەوە...

شەوێک هەستا و زۆر دوعای کرد، هەتا خەو بردیەوە،
لە خەونیدا پێغەمبەر ئیبراهیمی بینی، فەرمووی:
بەهۆی دوعا زۆرەکانتەوە خودا بینایی بۆ منداڵەکەت گەڕاندەوە...

ئەو دەمەی بانگی بەیانی دا، بوخاری هەستان بۆ نوێژی بەیانی،
تەماشای کرد خەوەکەی بەڕاست گەڕاوە و
بوخاری بینایی بۆ گەڕاوەتەوە و
خۆی بەپێی خۆی دەچێت دەستنوێژ دەگرێت...

دایکی گریا و سوجدەی شوکری برد و زۆر شوکرانەی خودای کرد...
* دوعاکانی شەونوێژ موعجیزە دەخوڵقێنێت...

## (٢٦٥)

لەوەتەی شەونوێژ دەکەیت چ لەژیانت گۆڕاوە؟

– منداڵێکی ساوابووم نەمدەزانی بەرەو لای خودا ڕێ بکەم،

هەتا شەونوێژم ناسی،

ئێستا بەهەڵەداوان بەرەو لای خودا دەچم...

چ شتێک بۆ شەونوێژ هەڵتدەسێنێت؟

– بە ڕۆژ زۆر ماندوو دەبم،

کە دەخەوم چێژ لەنەرمی جێگاکەم دەبەم،

بەڵام هەمیشە ئەوە دەهێنمە یادی خۆم،

کە جێگاکانی بەهەشت نەرمتر و خۆشترە..

هەربۆیە هەڵدەستم و شەونوێژ دەکەم...

- ڕوئا موحەممەد.

**(٢٦٦)**

پێغەمبەری خوداﷺ زۆر زیکری (أستغفرُ الله)ی دەوتەوە،

هاوەڵان دەڵێن هیچ کەسێک هێندەی پێغەمبەری خوداﷺ

ئەو زیکرەی نەدەوتەوە،

ئیبن عومەر دەفەرموێت:

کە پێغەمبەری خوداﷺ لەلای ئێمە دادەنیشت،

سەد جار زیاتر دەیوت:

«ربِّ اغفِرْ لي وتُبْ عليَّ، إنَّك أنت التَّوَّابُ الرَّحيمُ»

* تاقی بکەرەوە کە لەگەڵ کۆمەڵێک کەس دانیشتبووی،

سەد جار بڵێیت (أستغفرُ الله) چێژێکی زۆر تایبەتی هەیە...

## (٢٦٧)

ڕۆژێک دێت تەنها یەک لاپەڕەت دەمێنێت

بۆ ئەوەی هەموو قورئانی پیرۆز لەبەربکەیت،

ڕۆژێکی پڕ دڵخۆشی دەبێت،

ڕاستە ماندوویت و ڕێگاکەت سەختبوو،

بەڵام لەکۆتاییدا گەیشتیت بە ئامانجەکەت...

- خودایە ئەو ڕۆژە بەنسیبمان بکە و بمانگەیەنە بەو ڕۆژە.

## (٢٦٨)

نوێژی چێشتەنگاو،

سوننەتێک کە زۆر کەس لێی بێ ئاگایە،

بەرەکەتە بۆ تەندروستی و ڕۆزی،

با لە ئەو کارانە بێت کە سەرەتای ڕۆژ ئەنجامی دەدەیت...

## (٢٦٩)

پێغەمبەری خودا ﷺ لە کۆتاییەکانی تەمەنیدابوو،
خودا منداڵێکی جوانی پێ بەخشی،
ناوی نا ئیبراهیم، زۆر لە پێغەمبەری خوداﷺ دەچوو،
زۆر خۆشیدەویست و ماچی دەکرد و لە ئامێزی دەگرت،

لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ لای خێزانەکانی تری،
ڕۆڵەی پیریی پێغەمبەری خودابوو
هەر بۆیە زۆر خۆشیدەویست،

بەڵام ئیبراهیم تەنها هەژدە مانگ ژیا،
خودا دووبارە پێغەمبەرەکەی بە لەدەستدانی ئازیزانی تاقیکردەوە،
عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف دەفەرموێت:
لەگەڵ پێغەمبەری خودادا ﷺچووین بۆ لای ئیبراهیمی کوڕی،
ئیبراهیم لە گیانەڵادا بوو،
لە باوەشی پێغەمبەری خودادا ﷺ ڕووحی دەرچوو،
پێغەمبەری خوداﷺ دەستیکردە گریان
و فرمێسک لە چاوەکانی هات،
فەرمووی: وەڵڵاهی دڵم خەمبارە بە ڕۆشتنی تۆ ئیبراهیم،
شتێک ناڵێم خودا پێی ڕازی نەبێت...

**(٢٧٠)**

دوێنێ لەگەڵ کەسێکدا دانیشتم،

بیرم کەوتەوە چەند ساڵێک پێش ئێستا چەند نارەحەتبوو،

دواتر خودا دەرووی لێکردەوە و ڕزگاری بوو،

خودا سارێژی برینەکانی کرد...

وتی: وەڵڵاهی خەفەت و ئەسرینەکانیشم لەبیرچۆتەوە...

لێرەدا لە واتای ناوی «الجبّار» تێگەیشتم،

خودا بەجۆرێک سارێژی بەندەکەی دەکات کە شایەنیەتی،

بەجۆرێک هەموو برین و شکاوی و ئازارەکانی لەبیر دەباتەوە.

## (٢٧١)

جوانتريت سات ئەو ساتەیە

پێغەمبەری خوداﷺ بەناوی خۆتەوە بانگت دەکات.

دەپرسیت: چۆن ناوم دەزانیت؟

دەفەرموێت: «سەلاواتەکانتم پێ دەگەیشت»

## (٢٧٢)

هاوەڵێکی پێغەمبەری خوداﷺ وەفاتی کرد،

هاوەڵێکی تر وتی: مژدەت لێ بێت بە بەهەشت!

پێغەمبەری خوداﷺ فەرمووی:

تۆ چوزانیت؟

لەوەیە لە شتێکدا قسەی کردبێت کە پەیوەندی بە ئەوەوە نەبووە...

**(٢٧٣)**

ئەنەس لە تەفسیری ﴿وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ﴾دا دەفەرموێت:

«هەموو هەینیەک،

خودا خۆی بۆ ئەهلی بەهەشت دەردەخات»

﴿لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ﴾

واتە: لە بەهەشتدا هەرچیش داوای دەکەن و حەزی لێ دەکەن،

بۆیان ئامادەیە تیایدا، زۆر لەوەش زیاترمان لایە...

**(٢٧٤)**

پشتیوان بەخودا دەگەیت بەم ساتە:

« وەڵڵاهی سەرم سوڕماوە چۆن خودا گەیاندمی بە ئاواتەکانم،

زۆر زۆر مەحاڵبوو بەدیهاتنیان»

## (٢٧٥)

یەکێک لە زاناکان دەڵێت:

پیاوێک دەناسم لە ڕۆژانی هەینیدا

هەزار جار سەڵاوات دەدات لەسەر پێغەمبەری خودا ﷺ،

چەندین ساڵە ئاوا دەکات،

جارێک پێم وت: ئەمکارەت هیچ بەرهەمێکی هەبووە؟!

پێی وتم: کە سەڵاواتەکان تەواو دەکەم،

دواتر پێویستیەکانم لەخودا داوا دەکەم و دوعا دەکەم،

ناگاتە هەینیەکەی تر ئیللا خودا وەڵامی داومەتەوە...

## (٢٧٦)

«پێغەمبەری خودا ﷺ زەردەخەنەی کرد» (البخاري:١٠٢١)

«پێغەمبەری خودا ﷺ پێکەنی» (البخاري: ١٩٣٦)

«پێغەمبەری خودا ﷺ کەمێک بێدەنگبوو» (البخاري: ٣٦٩٥)

«پێغەمبەری خودا ﷺ خەمباربوو» (البخاري: ٦٩٨٢)

«پێغەمبەری خودا ﷺ گـریا» (البخاري: ١٣٠٤)

بوخاری چەندێ مەزنبووە،

زەردەخەنە و پێکەنین و گریان و خەمباری و بێدەنگی

پێغەمبەری خودایﷺ بۆ تۆمارکردوین.

## (٢٧٧)

سووربوونت لەسەر ئەوەی لەچکەکەت بەجوانی بکەیت،
بۆ ئەوەی گەردنت دەرنەکەوێت...

قۆڵی پۆشاکەکەت درێژترە بۆ ئەوەی بازنەکەت دیار نەبێت.

چەند جارێک تەماشای پۆشاکەکەت دەکەیت،
هەتا بزانیت بەجوانی داپۆشیویت و
هیچ شوێنێکت دیارنییە...

بە ئاگاداریییەوە سەر پاس دەکەویت،
هەتا قاچت دەرنەکەوێت...

پۆشاکێکی جوان دەبینیت و زۆریش حەزت پێیەتی،
بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر سەرنج ڕاکێشە وازی لێ دەهێنیت...

پەرستشکردن بە پۆشاکە پاکەکەت، داپۆشین لەسەر داپۆشین،
ڕۆشتن بەڕێگادا وەک پەپولە بە حیجابە فراوانەکەتەوە...

خودا هەموو ئەو وردەکارییانەی خۆشدەوێت و
لەلای ئەو پاداشتێکی گەورەی هەیە.

## (٢٧٨)

کچێک دەیوت:

دەمەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکدا بکەم،

لە ژوورەکەماندا قورئان بخوێنێت،

منیش بڵێم: ئەو وشەیە مەدەکەی شەش حەرەکەیە تۆ کەمترت وت...

ئەویش دوبارە بیخوێنێتەوە و زەرەدەخەنەیەک بکات،

بێت بۆ لام و سەرم ماچ بکات و بڵێت:

بەدەستهێنانی تۆ گەورەترین سەرکەوتنی ژیانمە...

ئەو یارمەتیم بدات بۆ تاعەتکردن و

بۆ شەونوێژ هەڵم سێنێت،

پێم بڵێت: دەمەوێت لە بەهەشتدا یەک پلەمان هەبێت،

دواتر نوێژ بکات و لەجوان خوێندنەوەی ئایەتەکاندا دەست بکەمە گریان...

ئەو پیاوەم دەوێت ئەگەر کچان ڕێی پێ بگرن،

یوسف ئاسا بڵێت: پەنادەگرم بەخودا...

ئەگەر قسەم لەگەڵی کرد دانابێت،

ئەگەر تووڕەبووم لەسەرخۆ بێت،

ئەگەر بەڵێنیدا بە وەفابێت.

## (٢٧٩)

شەوێک شەونوێژم دەکرد و سوورەتی تەوبەم دەخوێند،

ئەوە هات بە خەیاڵمدا تۆ بڵێیت خودا منی قبوڵ بێت،

کە ڕۆژێک نزیکم و ڕۆژێک دوورم؟

ڕۆژێک تاعەتی دەکەم و ڕۆژێک سەرپێچی دەکەم؟

لەم خەیاڵەدا بووم گەیشتم بە ئایەتی سەدودوو،

خودا دەفەرموێت: ﴿وَءَاخَرُونَ ٱعْتَرَفُواْ بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُواْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَءَاخَرَ سَيِّئًا عَسَى ٱللَّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيْهِمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾

واتە: کەسانێک هەن دان بە تاوان و هەڵەکانیاندا دەنێن، کرداری چاک و کرداری خراپیشیان تێکەڵ کردووە، ئەمانە نزیکە خودا تەوبەیان لێ وەربگرێت، چونکە خودا لێخۆشبوو میهرەبانە.

پڕبوو لە پەیام بۆ من،

خودا نەک تەنها قبوڵم دەکات،

بەڵکوو ئاواتەخوازیشم لێم خۆشببێت و

ڕەحمم پێ بکات و هیدایەتم بدات.

**(٢٨٠)**

فاتیمە لەدوای وەفاتی پێغەمبەری خوداﷺ

شەش مانگ ژیا...

بەردەوام دەپوکایەوە و لاوازدەبوو،

هەتا مرد و گەیشت بە باوکی...

- خودایە هیچ کچێک لەنازی باوکی بێ بەش نەکەیت،

لەوانەیش خۆشببیت کە وەفاتیان کردووە...

**(٢٨١)**

﴿وُجُوهٌ يَوۡمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ۝٢٢ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾

واتە: ڕووخسارانێک گەشاوەو ناسک و ئاسوودەن،

چونکە تەماشای پەروەردگاریان دەکەن.

جوانترین دیدار،

گەورەترین نیعمەت،

تەماشاکردنی خودایـە...

جوانترین شتی دونیا ناسینی خودایە،

جوانترین شتی پەسلان بینینی خودایە...

لەدونیادا تەماشای شتی حەرامکراو مەکە،

بەڵکوو خودا بەوە قەرەبووت بۆ بکاتەوە،

کە لە قیامەتدا تەماشای خۆی بکەیت...

**(٢٨٢)**

قورئان دەستوور و ڕێبەری ژیانتە،

با لەدڵتدا بێت بۆ ئەوەی لانەدات،

با لە سینەتدا بێت هەتا تەنگ نەبێت...

جێبەجێ بکە بۆ ئەوەی سەرگەردان نەبیت...

خودایە لەدونیادا قورئان بکاتە بەهاری دڵمان،

لەناوگۆڕ بیکە هاوڕێ و پارێزەرمان،

لە قیامەت بیکە تکاکارمان،

لەبەهەشتیش بیکە هۆکاری ئەوەی پلەمان بەرزبکاتەوە..

## (٢٨٣)

﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ﴾ (الكهف:٢٤)

یادی پەروەردگارت بکە هەر کاتێک بیرت چوو...

- **سُبحان الله.**

- **الحمدلله.**

- **الله أكبّر.**

- **أستغفر الله.**

- **لا اله الا الله.**

- **لاحول ولا قوة الا بالله.**

- **سُبحان الله وبحمده، سُبحان الله العظيم.**

**(٢٨٤)**

وتنى: ﴿لاحول ولا قوة إلاَّ بالله﴾

کلیله بۆ هەموو داخراوییەکان،

هۆکارە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانت،

هۆکارە بۆ وەڵامدانەوەی دوعاکانت،

دەروونت ئارام دەکات،

کێشەکانت چارەسەر دەکات،

بەردەوام گومانی باش بەخودا دەبەیت و

ڕازی دەبیت،

گەنجینەیەکە لە گەنجینەکانی بەهەشت...

ئەگەر دەتزانی چ سوودێکی هەیە بۆت،

بەردەوام ئەم زیکرەت دەوتەوە...

ئێمە بەبێ خودا هێز و توانامان نییە...

## (٢٨٥)

لەعەباسی کوڕی عەبدول موتەڵیبیان پرسی:

تۆ گەورەتریت یان پێغەمبەری خوداﷺ؟

فەرمووی: ئەو گەورەترە و پێش ئەو لەدایکبووم...

## (٢٨٦)

خودا بمکاتە فیدات

پێشەوا بوخاری لە کتێبەکەیدا بابێکی بەم ناوە هێناوە!

ئەو دەمەی حوشترەکەی پێغەمبەری خودا گلا،

ئەبو تەڵحە خۆی گەیاندە پێغەمبەری خودا ﷺ و پێی گوت:

ئەی پێغەمبەری خودا، خودا بمکاتە فیدات، هیچت لێنەهات؟

ئێمەش بە پێغەمبەری خودا ﷺ دەڵێین:

خودا بمانکاتە فیدات...

## (٢٨٧)

پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت:

بەندەی وا هەیە

خودا پێگەیەکەی بەرزی لە بەهەشتدا بۆ داناوە،

بەڵام بە کردەوەکانی پێی ناگات،

هەربۆیە خودا لە جەستەی یان سەروەتی یان منداڵیدا تاقیدەکاتەوە،

دواتر ئارامی پێ دەبەخشێت لەسەر ئەمە،

هەتا شایەنی ئەو پێگەیە دەبێت...

**(٢٨٨)**

﴿فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾

مەزنترین دڵنەوایی خودا بۆ ئێمە...

**(٢٨٩)**

جوانترین شتی نوێژی بەیانی ئەوەیە،

خەڵکی خەوتوون بۆ ئەوەی جەستەیان پشوو وەربگرێت،

تۆیش هەڵدەستیت بۆ ئەوەی

دەروون و ڕووح و جەستەت ئارام ببێت و

خودا لێت ڕازی بێت...

## (٢٩٠)

نازی هەڵدەگرت و بە عائیش بانگی دەکرد،

«دایکتان غیرەی کرد» پێکەنی و وەهای فەرموو

ئەو کاتەی لەغیرەکردندا خواردنی هەوێکەی فڕێدا.

– پێشبڕکێی لەگەڵدا دەکرد، یەکەمجاری لە بیر مابوو کە پێشی دابویەوە،

جاریّ دووەم ئەم پێشی دایەوە و فەرمووی « ئەمە لەبری ئەوەی پێشوو»

– جارێک بینی یاری بە بوکەڵان دەکات، خەمی هەموو ئوممەتی خست بەلایەکدا و دانیشت پرسیاری یارییەکانی لێدەکرد، پاشان شۆخی لەگەڵ کرد کە بینی ئەسپێکی دوو باڵی هەیە، ئەویش وتی» ئەی نەت بیستوە سولەیمان ئەسپی باڵداری هەبووە»

– ئەو کاتەی لێیان پرسی کێت لە هەموو کەسێک زیاتر خۆشدەوێت، ناوی ئەو هێناو لەبەردەم هەموو ئامادەبواندا، کە پرسیان ئەی لە پیاوان فەرمووی باوکی، نەیوت ئەبوبەکر بەڵکوو پاڵیدایە لای ئەو.

– کۆتا ساتی ژیانی ئەو بوو سیواکەی بۆ پێغەمبەر نەرمکرد.

– کۆتا وەسیەتی ئەویش ئەوە بوو باش بن بۆ ئافرەتانتان.

## (٢٩١)

ئەگەر خودا بمخاتە بەهەشتەوە

- دەچم بۆ لای ئاسیای خێزانی فیرعەون و لێی دەپرسم:

«چۆن بەرگەی ئەو هەموو ناڕەحتییەت گرت؟!»

- دەچم بۆ لای عوسمان و لێی دەپرسم:

«چۆن لە یەک ڕکاتدا خەتمێکت کرد؟»

- دەچم بۆ لای موصعەب و لێی دەپرسم:

«چۆن بەرگەی ئازارەکانی دایکت گرت و هیجرەتت کرد؟!»

- دەچم بۆ لای ئەو ١٠ هاوەڵەی مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە، لێیان دەپرسم: «چۆن خەوتان لێ کەوت کە زانیتان دەچنە بەهەشتەوە؟!»

- دەچم بۆ لای هاجەرە خاتوون و لێی دەپرسم:

«چۆن توانیت بەتەنیا لەو بیابانەدا بمێنیتەوە و نەترسیت؟!»

- دەچم بۆ لای بیلال و دەڵێم: «بانگێکم بۆ بدە!

دەمێکە تامەزرۆم بیسەری بانگدەری پێغەمبەری خودابم ﷺ!»

- دەچم بۆ لای ئیمامی عەلی و لێی دەپرسم: «ئەو دەمەی منداڵبوویت، چۆن توانیت لە جێگای پێغەمبەری خودادا ﷺ بخەویت و نەترسیت؟!»

- دەچم بۆ لای ئەبوو بەکر و لێی دەپرسم: «چۆن لەکاتی وەفاتی پێغەمبەری خودادا ﷺ ئاوا ڕاوەستاو بوویت، چۆن توانیت هەواڵی

وەفاتی پێغەمبەری خودا ﷺ و هاوڕێکەت ڕابگەیەنیت؟ لەدەمێکدا زۆر نەرمونیانیت و دڵت زۆر نەرمە!»

– دەچم بۆ لای ئیمامی عومەر، پێی دەڵێم: «زۆر خۆشم دەوێیت.» لێی دەپرسم: «چ هەستێکت هەبوو کە بوویتە هاوەڵی پێغەمبەری خودا ﷺ،

کە پێشتر دوژمنێکی سەرسەختی بووی؟»

– دەچمە خزمەتی پێغەمبەری خودا ﷺ، لە خزمەتیدا دادەنیشم و زۆر لەگەڵیدا دەدویم، پێی دەڵێم: «ئاواتەخواز بووم لە دونیادا بگەمە خزمەتت، سوپاس بۆ خوا ئەوا هاتمە خزمەتت!» داوای لێ دەکەم هەندێک قسەم بۆ بکات...

– دەچم بۆ لای خودا ئەگەر شەرەفی بینینیم پێ ببەخشێت،

بەڵام لە شۆکبوونمدا نازانم چی پێ دەڵێم...

خودایە لەگەڵ خۆشەویستانماندا شادمان بکە بە بەهەشت...

## سوودەکانی شەونوێژ

**١.** هۆکارە بۆ ڕازیبوونی خودا.

**٢.** هۆکارە بۆ گەشبوونی ڕوخسار (نورانی دەبێت).

**٣.** هۆکارە بۆ لێخۆشبوونی تاوان.

**٣.** هۆکارە بۆ زیادبوونی ڕۆزی.

**٤.** هەیبەت و ڕێز و شکۆیە بۆ ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات.

**٥.** هۆکارە بۆ نەمانی خەم و خەفەت.

**٦.** ماڵەکەت دەبێتە ماڵێکی نورانی.

**٧.** هۆکارە بۆ وەڵامدانەوەی دوعاکانت و بەدیهاتنی خەونەکانت.

# ئەو هۆکارانەی وا دەکەن هەستیت بۆ شەونوێژ

**١.** کەمخۆری، زووخەوتن.

**٢.** بە ڕۆژ تاوان نەکات.

**٣.** دڵی سەلامەت بێت لە ڕق و کینە بەرامبەر موسڵمانان.

**٤.** زانینی فەزڵی شەونوێژ.

**٥.** خۆشەویستی خودا.

**٦.** خوێندنی زیکری خەوتن.

**٧.** بەدەستنوێژەوە بخەویت.

**٨.** ئومێدبوون بە پاداشتەکەی.

**٩.** دانانی ئاگاکار بۆ ئەوەی هەستیت بۆ شەونوێژ.

* شەونوێژ لەدوای نوێژی عیشاوە دەست پێ دەکات هەتا کاتی بانگی بەیانی، بەڵام باشتر وایە دوای سێ-یەکی شەو بێت، ئەگەر کەسێک زانیی خەوی قورسە، پێش خەوتن بیکات زۆر باشە...

* ژمارەی ڕکاتەکانی دیاریکراو نییە، لە دوو ڕکاتەوە دەست پێ دەکات، پێغەمبەری خودا(ﷺ) یانزە ڕکاتی کردووە، زۆر لە سوجدە و ڕکوعدا دەمایەوە، گرنگیی بە چۆنێتیی نوێژەکە بدە نەک چەندێتی.

باشترین کاتیش بۆ دوعاکردن کاتی سوجدە و دوای تەحیاتە...

## چەند سوودێکی خوێندنی سورەتی بەقەرە

- هەرکەسێک ماوەیەکی زۆر سورەتی بەقەرە بخوێنێت، چەندین شتی سەرسوورهێنەر دەبینێت لە ژیانیدا، دەبینێت ڕۆزیی زیاد بووە، تەمەن و کاتی پڕبەرەکەت بووە، جەستەی تەندروستتر بووە.

- کەسێک دەڵێت: ماوەیەک سورەتی بەقەرەم زۆر دەخوێندەوە،
خودا شیفای دام، لە نارەحەتییەکان ڕزگاری کردم،
بەرەکەت لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێ دەکردم،
ژیانێکی بەختەوەرم بەڕێ دەکرد...

- کەسێک دەڵێت:
ماوەی دوو مانگ
لە شەونوێژدا سورەتی بەقەرەم دەخوێند،
نوێژی چێشتەنگاوم دەکرد،
دواتر خودا باشترین ڕۆزیی پێ بەخشیم و
چەندین دەرگای داخراوی بە ڕوومدا کردەوە.

- دەتەوێت ئاواتەکانت بێتە دی،
دەتەوێت چاکەکانت زیاد ببێت،
دەتەوێت دڵخۆش و بەختەوەر بیت...
دەتەوێت دوور بیت لە بەڵا و ناڕەحەتی
دەتەوێت دڵت نەرم بێت،
ماوەیەکی زۆر سورەتی بەقەرە بخوێنە و
دواتر چاوەڕێی بەدیهاتنی هەموو ئەوانە بکە.

- کاریگەریی چاوپیسی و ئیرەییبردن،
وەک بەردێکی گەورە وایە لە جەستەی کەسەکەدا،
هیچ شتێکیش وەک خوێندنی سورەتی بەقەرە
لەناوی نابات و وردوخاشی ناکات...

## ئەزموونی خۆت بنووسە لەگەڵ ئەم کتێبەدا

............................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

﴿فَإِذَا فَرَغۡتَ فَٱنصَبۡ﴾

که لە **کارێــك** تــەواو بووی،

خۆت ماندوو بکە بە **کارێکی** ترەوە...